# حکومەتی نوێ و فەزای گشتی

"چاخی ئێمە چاخی ڕەخنەیە، هەموو شتێک بەر لە قبووڵکردنی یان ڕەتکردنەوەی، دەبێ بکەوێتە بەر لێ وردبوونەوەی ڕەخنەیی".
کانت

دکتۆر شێرزاد نەجار
تایبەت بە گوڵان نووسیویەتی

پەیوەندییەکی توند و تۆڵ و تۆکمە لە نێوان سیستەمی سیاسی (یان حکومەت) و هاووڵاتیاندا هەیە. کەواتە گریمانە وایە کە حکومەت دەبێ نوێنەرایەتیی رای هاووڵاتیان بکات، چونکە هەر ئەوان، حکومەت هەڵدەبژێرن. ئیدی، دەبێ حکومەت لە بریار و سیاسەت و پرۆگرامیدا هەوڵ بدات، لەگەڵ رای هاووڵاتیاندا گونجاو و هەماهەنگ بێت. ئەم شتە لە کاری حکومەتدا شتێکی بنەڕەتییە، چونکە لە سەر بنەمای ئاست و رێژە و رادەی رازی بوونی هاووڵاتیان لە حکومەت، شەرعیەتی سیستەمی سیاسی دیاری دەکرێت.

کەواتە و، بۆ ئەوەی حکومەت لە پێگەیەکی بەهێزدا بێت و شەرعی بێت، پێویستە پەیوەندی لەگەڵ هاووڵاتیاندا بەهێز بکرێت و متمانەی ئەوانیش بەدەست بێت.

ئەمە چۆن بەدی دێت؟

لە هزری سیاسیدا زۆر تێز لەم بارەیەوە خراوەتە روو، کە جەخت دەکەنە سەر چۆنیەتی پەیوەست بوونی حکومەت لەگەڵ خواست و بۆچوونی هاووڵاتیاندا. یەکێك لەوانەی بە شێوەیەکی قووڵ بەشدارییان لەو تێزانەدا کرد، فەیلەسووفی هاوچەرخی ئەڵمان (یورگن هابرماس Habermas 1929 – لەدایك بووە) بوو، ئەویش لە چوارچێوەی ئەوەی لەبارەی بیرۆکەی (دیموکراسیی راوێژکارانە Democrac Deliberative) و بیرۆکەی (فەزای گشتی)دا.

جا ئاخۆ ئەو بیرۆکەیە چییە؟

بیرۆکەی (بواری گشتی: فەزای گشتی) بە توند و تۆڵی بە بیرۆکەی (دیموکراسیی راوێژکارانە)وە بەندە، کە بە شێوەیەکی بنەڕەتی بایەخ بە را و ویستی هاووڵاتیان دەدات، ئەمیش تەنیا و بەو پەری ئازادییەوە لە چوارچێوەی دیموکراسی و سیستەمی دیموکراسیدا گەڵاڵە دەبێت.



لە سیستەمی دیموکراسیدا (بواری گشتی) رۆڵی ناوەند (میانگیر) لە نێوانی حکومەت (یان دەوڵەت، سیستەمی سیاسی) و هاووڵاتیان (یان کۆمەڵگای مەدەنی) دەبینێت. ئەم بوارە (فەزایە) بریتییە لە گۆڕەپانێك، تێیدا هاووڵاتیان بۆ ئاڵوگۆڕ کردنی بیر و را و گفتوگۆ و رەخنە گرتن لە پرسی سیاسی، گرد و کۆ دەبنەوە. لێرەشدا ئەرکێکی گرنگ و بنەڕەتیانەی حکومەت دێتە پێش کە: مسۆگەر کردنی پیادە کردنی ئەو چالاکیانەیە لە چوارچێوەی بواری گشتی و، دوا جار مسۆگەر کردنی سەربەخۆیی ئەم بوارە و دابین کردنی تایبەتمەندییەکەی.

بەڵام ئاخۆ تا چ ئاستێك دەکرێ ئەم گفتوگۆیانە درێژە بکێشن؟

بە رای (هابرماس)ی فەیلەسووف، بابەتەکە پەیوەندیی بە ئاست و قووڵیی کاریگەریی ئەو گفتوگۆیانەوە هەیە بە سەر بۆچوونەکانی دەسەڵاتی سیاسییەوە. بۆیە ئەو دووپاتی دەکاتەوە کە دوو جۆرە ماف هەن:

- مافی گوزارشت کردن لە را.
- مافی ئەوەی ئەو رایە کاریگەر بێت.

لە چوارچێوەی ئەم رایەدا دەکرێ بنەماکانی پەیوەندیدار بە ئازادی و سیاسەتی دیموکراسییەوە دیاری بکرێن و بەم شێوەیەی دادێ:

1- بنەمای بە ئازادی گفتوگۆ کردن لەبارەی پرسەکانەوە.

2- رەخنەی عەقلانی لە کاروباری سیاسیدا.

3- وەرچەرخاندنی را بەرەو پرۆسەیەکی دیالۆگی عەقلانیی رەخنەگرانەی ئازاد لە هەژموون و کۆنترۆڵ.

4- شەفافیەت و ئاشکرایی، کە سیاسەت و ئەخلاق پێکەوە گرێ دەدات.

لەم بنەمایانەدا هابرماس بە شێوەیەکی جەوهەری لە بیر و بۆچوونی (تیۆریی لیبراڵی) و مریدانی (تیۆریی گرێبەستی کۆمەڵایەتی) لە رووی چۆنیەتی پێکهێنانی را لە بواری گشتیدا، جیاوازە. لەو کاتەی کە را خۆڕسکانە لە لای لیبراڵەکان و مریدانی گرێبەستی کۆمەڵایەتی دروست دەبێت، ئەوا لە لای هابرماس ئەو رایە دروست نابێت تەنیا لە چوارچێوەیەکی گشتیدا نەبێت کە مەرج و رەوشی تایبەت بە خۆی

هەبێت. واتە ئەو رایە گەلاڵە نابێت تەنیا لە واقیعێکی ئازاد و بێ کۆت و بەند نەبێت، کە دەبێتە مایەی ئازادی لە پێکهاتنی ویستی سیاسییان و هەڵبژاردنی حکومەتەکانیان و کار کردن لێی. پەیدا بوونی لەمپەر کە رێ لەو پێکهێنانە ئازادە بگرێت، دەبێتە مایەی پێکهاتنی "رایەکی شێواو" و هابرماس ناوی دەنێت "پێکەوەرۆیی شێواو"، کە خۆی لە کار لێ کردنی سەرکوتکەرانە، کە لە لایەن دەسەڵاتەوە بە سەر هاوولاتیاندا پیادە دەکرێت. لە ئەنجامدا "کۆدەنگییەکی چەواشەمان دەبێت کە شەرعیەتی عەقلانیی تێدا نییە".

ئەم رەوشە جۆرێك لە نامۆیی (Alie-ation) لە نێوان دەسەڵاتی سیاسی و هاوولاتیان دروست دەکات، ئەمەش حاڵەتی بێ دەربەستی (بێ باکی)ی سیاسی (political apathy) دەهێنێتە ئاراوە، کە ئەمیش لە لای خۆیەوە کار لە حاڵەت و ئاستی شەرعیەت دەکات.

لێرەدا دەپرسین: ئایا دەسەڵاتی سیاسی پێویستی بە شتێك هەیە بۆ گۆڕینی ئەم رەوشە؟

بەڵێ دەسەڵاتی سیاسی پێویستی بە پشتیوانیی (support) هاوولاتیان هەیە بۆ گۆڕینی رەوشەکە بەرەو باشتر. ئەمەش بەوە بەدی دێت کە سیستەمی سیاسی کار و ئەرکی خۆی بەجێ بگەیەنێت. سیستەمی سیاسی بەردەوام پێویستی بە پشتیوانی و متمانەی هاوولاتیان هەیە. هەڵسەنگاندنی نەرێنی بۆ کاری حکومەت لە لایەن هاوولاتیانەوە دەبێتە مایەی "نەمانی" پشتیوانی و "لەدەستدانی" متمانە، ئەمەش دەبێتە مایەی "ناتوانایی لە دیموکراسی Deficit in Demo-racy"دا.

ئەگەر ئەم رەوشە ببەینە سەر دۆخی هەرێمی کوردستان و لە پێکهێنانی حکومەتی نوێ بە سەرۆکایەتیی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی بکۆڵینەوە، ئاخۆ دەکرێ چ بڵێین؟ لە راستیدا حکومەتی نوێ لە رەوشێکی نوێدا چ لە ئاستی ناوخۆ یان هەرێمی یان نێودەوڵەتیدا، پێك دەهێندرێت.

لە هەرێمدا جۆرێك لە جیاوازیی دید لە نێوان هەردوو پارتی سەرەکی (پارتی و یەکێتی) و پارتەکانی ئۆپۆزسیۆندا هەیە، کە کاریگەرییان بە سەر رای گشتییەوە هەیە، ئەمە گەیشتووەتە رادەیەك کە کار لە رەوشی هەرێمیش دەکات.

لە ئاستی هەرێمیدا ناوچەکە بە گشتی بە قۆناغێکی مەترسیداردا تێپەڕ دەبێت، کە چاوەڕوانی پەرەسەندنی ریشەیی و گۆڕانی قووڵی لێ دەکرێت.

لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا جۆرێك لە ململانێ لە نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکان و وڵاتانی رۆژئاوا و، لە نێوان کۆمەڵێك زلهێز لە نێویاندا رووسیا و چین لە ئارادایە، ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بووەتە گۆڕەپانی ئەو ململانێیە.

لە ئاست ئەم پەرەسەندنەی بارودۆخەکە، حکومەتی نوێ یەکەم لە سەریەتی بارودۆخ بە شێوەیەك رێك بخاتەوە، کە ببێتە مایەی ئەوەی دەکرێ پێی بڵێین "دڵنیایی" کردنی ئۆپۆزسیۆن لەبارەی پرۆگرام و سیاسەتی حکومەتی نوێوە، بەوەی کە ببێتە ژینگە و کەشێك بۆ بنیاتنانی متمانە.

سەرباری ئەوە، پێویستە حکومەتی نوێ بە خێرایی ئەم هەنگاوە بوێر و یەکلاییکەرانەی دادێ بهاوێت:

- چاك کردنی دەزگا کارگێڕییەکانی حکومەت.
- دانانی سنوورێك بۆ گەندەڵیی کارگێڕی و دارایی کە کەوتووەتە بنکەن کردنی بنیادی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری.
- بوارێکی فراوان و باش بە گفتوگۆی بابەتیانەی عەقڵانی بڕەخسێندرێت.
- بەدی هێنانی کرانەوەیەکی ئازادانە بۆ هاوولاتیان.
- قووڵ کردنەوەی ئامرازەکانی دیموکراسیی راوێژکارانە لە فەزای گشتیدا.
- چاك کردنی سیستەمی پەروەردە و خوێندن.

هەموو ئەو شتانە ئەنجامێکی گرنگ بە دەستەوە دەدەن، کە پەیوەندیی بە گەڕاندنەوەی رۆڵی کارای هاوولاتییەوە هەیە، ئەویش بە گرێدانی بە پرۆسەی سیاسییەوە و کردنی بە "هاوولاتییەکی کارا Active Citizen"، کە بەوپەڕی ئازادییەوە و بێ هیچ ئاڵۆزییەك، رای خۆی دەردەبڕێت.

**بۆ ئەوەی حکومەت بەهێز بێت، پێویستە پەیوەندی لەگەڵ هاوولاتیاندا بەهێز بێت و متمانەی ئەوانیش بەدەست بێنێت**

**حکومەتی نوێ یەکەم لە سەریەتی بارودۆخ بە شێوەیەک رێک بخاتەوە، کە ببێتە مایەی ئەوەی دەکرێ پێی بڵێین «دڵنیایی» کردنی ئۆپۆزسیۆن لەبارەی پرۆگرام و سیاسەتی حکومەتی نوێوە**

**لە سیستەمی دیموکراسیدا (بواری گشتی) رۆڵی ناوەند (میانگیر) لە نێوانی حکومەت (یان دەوڵەت، سیستەمی سیاسی) و هاوولاتیان (یان کۆمەڵگای مەدەنی) دەبینێت**

**قووڵ کردنەوەی ئامرازەکانی دیموکراسیی راوێژکارانە لە فەزای گشتیدا و چاک کردنی سیستەمی پەروەردە و خوێندن**

# حزب و حکومڕانی

## حزب بەرنامە دادەڕێژێت و حکومەت بۆ هەمووان جێبەجێی دەکات





**پارتی دیموکراتی کوردستان کەمترین دەستێوەردانی لەپێکهێنانی کابینەی نوێ دەبێت و ئازادییەکی تەواو دەداتە نێچیرڤان بارزانی بۆئەوەی خۆی کابینەکەی خۆی پێکبهێنێت**

**بۆئەوەی حکومەت توانای وەڵامدانەوەی ڕەخنەکانی هەبێت، ئەوا پێویستە جۆرە لێکتێگەشتن و نەرمی نواندنێک لەنێوان هاووڵاتیان و حکومەتدا بوونی هەبێت**

کۆتایی هەفتەی ڕابردوو پەرلەمانی کوردستان دوای ئاڵوگۆڕکردنی سەرۆك و جێگرەکەی، بەڕێزان نێچیرڤان بارزانی وەك سەرۆکی کابینەی حوتەم و عیماد ئەحمەد وەك جێگری سەرۆك وەزیران بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ ڕاسپارد، ئەمەش مانای ئەوەیە لە١٦ی شوباتەوە تا ١٦ی مارت ماوەی مۆڵەت پێدراوە بۆئەوەی پێکهاتەی کابینەکە تەواو بکرێت و پەرلەمان پەسەندی بکات، ئەم کابینەیەش(کابینەی حوتەم) وەك لەڕاپۆرتەکانی پێشتریش ئاماژەمان پێکرد و بەڕێز نێچیرڤان بارزانیش لەپەیامەکەی خۆیدا بۆ خەڵکی کوردستان لەلاپەڕەی تایبەتی خۆی لەفەیسبوك ئاماژەی پێکردبوو، هەمان بەرنامەی لیستی کوردستانیە و هەمان ئەو بەرنامەیە تەواو دەکات کە کابینەی شەشەم لەماوەی نزیکەی دووساڵ و نیوودا کاری لەسەر کردووە، بۆیە لێرەوە هێندەی قسەکردن لەسەر بەرنامەی کابینەی حوتەم، قسەکردن دەبێت لەسەر میکانیزمی چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیەی کە لەبەردەستی هەمووان هەیە، قسەکردن نابێت لەسەر خودی بەرنامەکە، هەربۆیە ئامانج لەم گۆڕانکارییە، گۆڕانکارییە لەمیکانیزمی هەڵسوڕان و جێبەجێکردنی بەرنامەکە، نەك جێبەجێکردنی بەرنامەیەکی باشتر یان خراپتر، بەڵکو تاقیکردنەوەی میکانیزمێکی دیکەیە بۆ چۆنیەتی باشتر جێبەجێکردنی بەرنامەکە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی خەڵکی کوردستان کۆمەڵێك خۆزگە و ئومێدیان لەسەر ئەم گۆڕانکارییە بونیاد ناوە لەکاتێکدا گۆڕانکاری لەبەرنامەکەدا ناکرێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە چەند ڕەهەندێك لەخۆی دەگرێت کە دەکرێت بەچەند خاڵێك ئاماژەیان پێبکەین:

١- خاڵی هەرە سەرەکی ئاماژەیە بۆئەوەی

**ئامانج لە گۆڕانکاریی حکومەت، گۆڕانکارییە لەمیکانیزمی هەڵسوڕان و جێبەجێکردنی بەرنامەکەی**

**ڕێککەوتنی ستراتیژی هێندەی ڕێککەوتنە بۆ وەڵامدانەوەی خواستی خەڵك، هێندە قۆرخکردنی دەسەڵات نییە**

ڕاستە کابینەی پێشوو سەرۆك و جێگرەکەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی بوون، بەڵام کاتێك پارتی و یەکێتی متمانە دەدەنە کاندیدەکانی خۆیان، متمانەی تەواویان پێدەدەن و دەست لەکاروبارەکانیان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ وەرنادەن، بۆیە ئەگەر جیاوازی لەنێوان شێوازی هەڵسوڕاندنی بەرنامەی هاوبەشی پارتی و یەکێتی هەبێت، جیاوازی نێوان کاندیدکراوەکانە، ئەم جیاوازییە لەگەڵ ئەوەی پێویستە بوونی هەبێت، بەڵام لەچوارچێوەی بارودۆخی بابەتی و زاتی خۆیدا هەڵدەسەنگێنرێت.

٢- خاڵێکی دیکە ئاماژەیە بۆئەوەی کە هەردوو لایەنی پارتی و یەکێتی، وەڵامدانەوەی ئیجابیان بۆ گۆڕانکارییە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان هەیە و لەکاتێکدا بارودۆخ پێویستی بەگۆڕانکاری بێت، ئەوان لەو ئاستی بەرپرسیاریەتیەدان بتوانن بڕیاری گۆڕانکاری بدەن، هەربۆیە ئەم گۆڕانکاریەش کە بەپێی ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان هەردوولا بەڕێوە دەچێت، ئاماژەیە بۆئەوەی ڕێککەوتنی ستراتیژی هێندەی ڕێککەوتنە بۆ پاراستنی یەکریزی نێومالی کورد و پاراستنی دەسکەوتەکان لەسەر ئاستی ناوخۆ و عێراق و ناوچەکە، هێندە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی هەردوو لایەنی پارتی و یەکێتی نییە، هێندە بەتەنگەوە هاتن و هەوڵدانە بۆ وەڵامدانەوەی خواستی خەڵك، هێندە قۆرخکردنی دەسەڵات نییە وەك ئەوەی هەندێك لایەن دەیانەوێت بەو شێوەیە پیشانی بدەن.

٣- خاڵی سێیەم گۆڕانکارییە لەشەخسی سەرۆك وەزیراندا، لەم خاڵەدا کە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لەلایەن پارتی و یەکێتیەوە تەکلیفکراوە کە کابینەی نوێ بۆ ماوەیەکی کورت (کە زۆر کەس پێیوایە تەنیا یەك ساڵی کردبیە) ڕابگەیەنێت، نیشانەی ئەوەیە ئەرکی سەرشانی ئەم کابینەیە بێجگە لەجێبەجێکردن و تەواوکردنی کابینەی پێش خۆی، ئەرکێکی دیکەشی لەسەر شانە، بەوەی سەرلەنوێ ژێرخانی حکومڕانی لەکوردستان لەژێرخانێکی ئاڵۆز و ناتەباوە بگۆڕێت بۆ ژێرخانێکی ئاسایی و تەبا،



**ئەرکی سەرشانی ئەم کابینەیە گۆڕینی سەرلەنوێ ژێرخانی حکومڕانیە لەکوردستان لەژێرخانێکی ئاڵۆز و ناتەباوە بۆ ژێرخانێکی ئاسایی و تەبا**

بێگومان ئاسایی و تەبا بەو مانایە ناڵێین کە جیاوازی نەمێنێت، یان ئۆپۆزسیۆن واز لەڕەخنە و ململانێ بێنێت و دوایین ئامانجی کە گەیشتن بەدەسەڵاتە وازی لێبهێنێت، بەپێچەوانەوە ئاسایی و تەبا، واتە وەرگرتنی جیاوازی و ململانێ بەئاسایی و قبوولکردنی ئاکامی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو بەتەبایی. ئەمەش ڕاشکاوانە واتە ئەو نەریتە باوی نەمێنێت کە ئۆپۆزسیۆن لەکاتی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی پەرلەمان و ڕاسپاردن بۆ پێکهینانی کابینەی نوێ، بایکۆتی دانیشتنەکانی پەرلەمان بکات و ڕای پێشوەختەی لەسەر حکومەت و پەرلەمان هەبێت، ئەم نەریتە کە ئومێد دەکرێت تەنیا لەم خولەدا بوونی هەبێت و لەخولەکانی دیکە دووبارە نەبێتەوە، ئەرکی سەرەکی حکومەت بەگشتی و شەخسی نێچیرڤان بارزانی-یە وەك سەرۆکی حکومەت، کە ئەولەویەتی ئەوە بێت ئەم نەریتە لەپرۆسەی حکومڕانی کوردستان نەمێنێت، ئەم لایەنە دەکرێت هیوایەکی زۆرمان پێی بێت، لەبەر ئەوەی لەژمارەی پێشتووتری گوڵاندا ئەم پرسیارەمان ئاراستەی بەڕێز فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان کرد، بەوەی تاچەند ئێوە وەك مەکتەبی سیاسی پارتی ڕۆڵتان دەبێت لەپێکهێنانی کابینەی نوێ و دەست نیشانکردنی وەزیرەکاندا؟ لەوەڵامدا میرانی بەگوڵانی ڕاگەیاند ئێمە وەك پارتی دیموکراتی کوردستان کە مترین دەستێوەردان لەو کارە دەکەین و ئازادییەکی تەواو دەدەینە نێچیرڤان بارزانی بۆئەوەی خۆی کابینەکەی خۆی پێکبهێنێت، ئەم قسەیەی میرانی کە ناکرێت بەشێوەیەکی گشتگیر بەڕای یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش لەقەڵەمی بدەین، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم قسەیەی میرانی بەگوڵانی ڕاگەیاند، دوای کۆبوونەوە هاوبەشەکانی پارتی و یەکێتی بووە بۆ دەستنیشانکردنی نێچیرڤان بارزانی بۆ سەرۆکایەتی کابینەی نوێ، واتە دەکرێت ئەوەی لێبخوێنینەوە کە یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش هەمان بۆچوونیان هەبێت و دەست لەکاری عیماد ئەحمەد وەرنەدەن، پێکەوە نێچیرڤان بارزانی و عیماد ئەحمەد بڕیار لەسەر پێکهاتەی کابینەی نوێ بدەن و پێکەوە شانی بدەنە بەر بۆئەوەی ئەو گۆڕانکارییانە ئەنجامبدەن کە خەڵکی کوردستان چاوەڕێیانە.

> **ئەگەر میدیا لەژێر فشار و کۆنترۆڵی گەورە کۆمپانیاکان بێت، کەواتە نوێنەرایەتیی هاووڵاتیان ناکات، بەڵکو لەپێناو بەرژەوەندییەکانی گەورە کۆمپانیاکان کاردەکات**

## پارتی و یەکێتی
## وەك هاوپەیمانی پێش هەڵبژاردن نەك دوای هەڵبژاردن

زۆرجار کە لەبری پارتی و یەکێتی ئاماژە بەلیستی کوردستانی دەکەین، هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پارتی و یەکێتی پێکەوە وەك هاوپەیمان بەشداری هەڵبژاردنەکانیان کردووە و ئەو دەنگەی وەك زۆرینە هێناویانە دەنگی هەردوولایانە پێکەوە و هیچ لایەکیان نازانن بەتەنیا چەند دەنگی هێناوە، هەر بۆیە لێرەوە دەکرێت ڕاشکاوانە بڵێین پارتی و یەکێتی بۆ ئەم خولەی هەڵبژاردن وەك یەك حزب بەشداری هەڵبژاردنیان کردووە و وەك یەك بەرنامەیان هەبووە کە ئەویش بەرنامەی لیستی کوردستانیە، بۆیە هەتا ئەگەر جیاوازی کورسیەك لەنێوان پارتی و یەکێتیدا هەبێت وەك ئێستا لەلیستی کوردستانی دەبینن، ٢٩ ئەندامی ئەو لیستە پاڵێوراوی یەکێتین و ٣٠ ئەندامی ئەو لیستە پاڵێوراوی پارتین، ئەمە مانای ئەوە نییە کە پارتی کورسیەکی لەیەکێتی زیاترە، بەڵکو لەبەر ئەوەی کە ژمارەی کورسیەکان تاك بووە و نەدەکرا دابەشی دوو بکرێت، ڕاشکاوانەتر لەبەر ئەوەی ژمارەی کورسیەکانی لیستی کوردستانی ٥٩ کورسیە ناکرێت هەر یەکەیان ٢٨,٥ ئەندامیان بەر بکەوێت، بۆیە بەپێی ئەو ڕیزبەندییەی لەلیستەکە کراوە، وا دەرچووە کە ٣٠ پاڵێواری پارتی دەربچن و ٢٩ی یەکێتی دەربچن، ئەگەر بەشێوەیەکی دیکە ڕێکبخرایە، ئەوا لەوانەبوو یەکێتی ٣٠ پاڵێوراوی دەربچووبایە و پارتی ٢٩ پاڵێوراوی دەربچووبایە، لەمەش گرنگتر بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستیەی ژمارەی ٣٠ و ٢٩ کورسی ئاماژە نییە بۆ کورسی زیاتری پارتی، کە کاندیدی یەکێتی کە بەڕێز د.بەرهەم ساڵح بوو ئەو حکومەتی پێکهێنا، بۆیە ئەسڵەن ٢٩ کورسی یەکێتی و ٣٠ کورسی پارتی، ئاماژە نییە بۆ قەوارەی پارتی بەتەنیا و یەکێتی بەتەنیا، بەڵکو ٥٩ کورسی پەرلەمانی ئاماژەیە بۆ قەوارەی پارتی و یەکێتی پێکەوە لەم خولەو لەم قۆناخەدا، بەواتایەکی دیکە جیاکردنەوەی لیستی کوردستانی بۆ (لیستی پارتی بە٣٠ کورسی و لیستی یەکێتی بە٢٩) کورسی جیاکردنەوەیەکی ڕاست نییە، پێویستە هەتا ئەم خولەی پەرلەمانیش تەواو دەبێت هەروەك لیستی کوردستانی نەك پارتی و یەکێتی ئاماژەیان بۆ بکرێت، کەواتە لەم ڕاپۆرتەشدا کاتێك باسی حکومەت دەکەین باسی بەرنامەی لیستی کوردستانی دەکەین، نەك هاوپەیمانی پارتی و یەکێتی وەك دوو حزب کە دوای هەڵبژاردن بۆ پێکهینانی



> **لەوڵاتی فرە نەتەوە وفرە ئاییندا بەبێ دیموکراتی و فیدرالی ئەو وڵاتە ناپارێزرێت، هەر ئەمەشە وایکردووە کە هیندستان جیاواز بێت لەگەڵ میسڕ لەکاتێکدا جیاوازی نێوان سەربەخۆیی هیندستان و میسر تەنیا چەندساڵێکە**

حکومــەت ئەنجامــی دەدەن، ئاماژەکردن بۆ ئــەم خاڵە لەبەر ئەوە نییە کــە بڵێین پارتی و یەکێتـــی وەك دوو حزب هیـــچ جیاوازییەکیان نییە، بەڵکو ئاماژەیەکی ڕاشکاوانەیە بۆئەوەی پارتی و یەکێتی بۆ هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٩ و پێشتریش بۆ هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٥ وەك یەك لیست دابەزیوون، پرانسیپی بەشداریکردنیشیان لەسەر بنەمای یەکسانی دابەشکردن بووە، نەك وەك یەك لیســـتی نێوان (یەکگرتوو و کۆمەڵ و زەحمەتکێشان و سۆشیالیست) کە پێشوەختە ڕێژەیان دیاریکردبوو، ئەمەش واتە هەربۆنموونە ڕێککەوتنی ئەو چــوار حزبە بەو جۆرە نەبووە کــە چەند کورســیان هێنا دابەشــی چواری بکەن، بــەڵام ڕێککەوتنی پارتــی و یەکێتی لەسەر دابەشــکردن بووە بەســەر هەردوولادا، بەڵام ئەم دابەشکردنە مانای یەکسانی لەسەر ئــەرزی واقیع ناگەیەنێــت، ئەوجا باری تەرازووەکە بەلای پارتی یان یەکێتی لاسەنگ دەبێت، ئەوە هەڵبژاردنی داهاتوو یەکلایی دەکاتەوە، بۆیە هەتــا هەڵبژاردنــی داهاتوو دەکرێــت، چــۆن حکومەتی پێشــوو حکومەتی لیستی کوردستانی بووە، بەهەمان شــێوە ئەم حکومەتەش ڕووبەڕووی لیستی کوردستانی دەکرێتەوە نەك پارتی و یەکێتی وەك دوو حزب.

**بەرنامەی حزب چۆن دەبێتە بەرنامەی خەڵك**

هەڵوەســتەکردنمان لەســەر بەرنامەی لیستی کوردســتانی وەك بەرنامــەی پێکهاتەیەك یان هاوپەیمانیەکی پێش هەڵبژاردن لەو خاڵەوە بوو کە هاوپەیمانی پارتی و یەکێتی وەك یەك لیست پیشــان بدەین، وەك یەك فراکســیۆن نەك دوو فراکسیۆن یان دوو لیستی هاوپەیمان، مەبەستیش لەم جەختکردنەوەیە ئەوەیە بەرنامەی لیســتی کوردستانی بەرهەمی کۆبوونەوە هاوبەشەکانی پارتی و یەکێتی و ئەو لیژنە هاوبەشەیە کە وەك یەك تیم دایانڕشتووە، بۆیە لەم خاڵەوە بەرنامەی لیستی کوردســتانی بەرنامەی یەك پێکهاتەیە کە هەڵبژاردنی بردۆتەوە و ئێستا لەحکومەتدایە و لەناو ئەو حکومەتەشدا گۆڕانکاری دەکات و کابینەی نوێ ڕادەگەیەنێت، بۆیە ئەمە زەرور و پێویست بوو جەختی لەسەر بکرێتــەوە، لەبەر ئــەوەی ئەم ڕاپۆرتە قسە لەسەر بەرنامەی لیستی کوردستانی دەکات نەك بەرنامەی پارتی یان یەکێتــی بەتەنیا، بۆیە کاتێك لــە ڕوانگەیەوە بەم ئاراستەیە هەنگاو



ديڤرا مۆللەر بۆ گوڵان:

# ڕەنگە بەرژەوەندی خەڵک لەوڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا جیاواز بێت بەوەی دامەزراوەکان نەتوانن سنوورێک دابنێن

حکومەتی لیســتی کوردســتانییە و سەرۆکی کابینە یەکێتی بێت یان پارتی هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێــت و حکومەتەکە هەر وەك حکومەتی هاوبەش دەمێنێتەوە.

بۆیە لەم ڕاســتەوە کاتێك هەڵوەســتە لەسەر بەرنامــەی لیســتی کوردســتانی دەکەین، وەك بەرنامــەی یەك حزب یان ڕاســترە بڵێین هاوپەیمانیەکــی پێش هەڵبــژاردن نەك دوای هەڵبژاردن هەڵوەســتە دەکەین، وەك بەرنامەی پێکهاتەیەك دەیخوێنینەوە کە ڕاستە خۆیان دوو لایەنــن، بەڵام لەبەرنامەکــەدا وەك یەك لایەن دەرکەوتــوون، بۆیــە وەك بەرنامەی لایەنێکی براوە لەهەڵبژاردن کە مافی خۆیەتی حکومەت پێکبهێنێــت، خوێندنەوەی ڕەخنەیــی بۆ ئەو بەرنامەیە دەکەین و دەست دەخەینە سەر لایەنە ئیجابییەکانی، لێرەوە ڕەخنە یان هەڵســەنگاندن هەڵدەگرین، پرســیار ئەوەیە چــۆن بەرنامەی ئەم پێکهاتە سیاسییە کە تەنیا ڕێژەی ٥٩٪ی دەنگەکانی هێناوە دەبێتــە بەرنامەیەك هەموو خواستی کۆمەڵگە لەخۆی بگرێت بەوانەشی کە دەنگیان بەلیستەکەش نەداوە، سەبارەت بە گۆڕینی ئەم پرســە پرســیارمان لەپرۆ فیسۆر سانتۆش میهرۆتــرا بەڕێوبەری ســەنتەری پەرەپێدانی توانای مرۆیی و حکومرانی کرد لەهیندستان، لەوەڵامدا ســەبارەت بەبوونی بەرنامەی حزب بــە بەرنامەی حکومــەت بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتــە ئاخاوتن:(دەتوانم لەڕوانگەی ئەزموونی ٤ وڵاتی دیموکراســییەوە قسەبکەم، کە بریتین لە»هیندســتان» و «بەریتانیا» و «ویلایەتە یەکگرتــووەکان» و «تایلەند»، من لەهەریەك لەو وڵاتانە ماوەیەك ژیاوم بۆ زیاتر لە٦٠ وڵاتی دیکەش لەسەرتاسەری جیهاندا سەفەرم کردووە، بۆیە دەمەوێ بڵێم هیــچ گومانێك لەوەدانییە کە بەرنامەی پارتی سیاســی لەسیســتەمی دیموکراتــی پەرلەمانیــدا دەبێتــە بەرنامەی حکومەت، هەروەها لەسیســتەمی پەرلەمانی هیندستان و بەریتانیا دەسەڵاتەکان بەئاساتێکی زیاتر دابەشکراون و، پێویستیشە دیموکراسییەت بەم شێوەیە بێت، بەڵام سەبارەت بەدروستبوونی دیموکراسییەت ئەوە دیموکراسییەت تەنیا لەسەر ئاستی لۆکاڵ بوونی هەیە — مەبەستم لەسەر ئاستی حکومەتی لۆکاڵ — با گریمانەی ئەوە بکەین لەوڵاتێکی گەورەدا بۆنموونە «عێراق» یاخود «هیندســتان» کە لایەنی کەم لەســەر سێ ئاست حکومەتەکان بوونیان هەیە بۆنموونە لەسەر ئاستی شار و شــارۆچکەکان و لەسەر ئاســتی هەرێمی و لەگەڵ ئاســتی ناوەندی. لێرەدا مەبەستم لەوەدایە کە لەپێناو سەرکەوتنی دیموکراســییەت ئــەوە زۆر گرنگە حکومەتی لۆکاڵ لەسەر ئاستی لۆکاڵی خاوەن دەسەڵاتی بەرفراوانتــر بێت، دەســەڵاتی زۆر بێت، بەڵام بەداخەوە ئەمە لەچەندین وڵاتی دیموکراســیدا وەدینەهێنــراوە، ئەوجا بۆئــەوەی حکومەت توانای وەڵامدانەوەی ڕەخنەکانی هەبێت، ئەوا پێویستە جۆرە لێکتێگەشتن و نەرمی نواندنێك لەنێوان هاووڵاتیان و حکومەتدا بوونی هەبێت، هەروەها پێویستە میدیای بەهێز بوونی هەبێت، بەتایبەتــی ئێســتا کە میدیای ســەربەخۆ و ئەلیکترۆنی هەیە و بایەخــی لەزیادبووندایە، ئێمە لە»هیندستان» بەختمان هەیە کە بواری ڕۆژنامەگەریمــان زۆر بەهێــزە و میدیا ڕوو لەفراوانبوون و بەهێزبوون دەکات، بەڵام تەنانەت گەر میدیــا هەرچەندیش گــەورە و بەهێز و گرنگیش بێت هاوکات ئەگەر هەیە میدیا لەژێر فشــار و کۆنترۆڵی گەورە کۆمپانیاکان بێت و ئەوکات نوێنەرایەتیی هاووڵاتیان ناکات، بەڵکو لەپێناو بەرژەوەندییەکانــی گەورە کۆمپانیاکان کاردەکات، هەربۆیــە وەك پێشــتریش ئاماژەم بەوە کرد کــە ئێوە وەکو هاووڵاتیی ئاســایی دەتوانن لەســەر ئاســتی لۆکاڵ فشار بخەنە ســەر حکومەت و کاریگەریی لەسەر دروست بکەن، لەبەرئەوەی حکومەتی لۆکاڵ و تەنانەت حکومەتی ناوەندیش هەمیشە ناچارە وەڵامدەر بێت بەرامبەر هاووڵاتیانی ئاســایی، هەربۆیە زۆر گرنگە دەســتووری دەوڵەت دەســەڵاتی بــەس بەحکومەتی لۆکاڵ ببەخشــێت، بەڵام مایەی سەرسووڕمانە لەوڵاتانی تازەپێگەیشتوو بۆنموونە وەکــو «عێراق» و «هیندســتان» حکومەتی لۆکاڵ خاوەن دەســەڵاتی پێویســت نییــە، لەکاتێکــدا لەوڵاتانــی دەوڵەمەنــد و پێشــکەوتوو وەکو وڵاتانــی ئەورووپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانــی ئەمریــکا دەســەڵاتەکانی

**سانتۆش میهرۆترا بۆ گوڵان:**

# بەرنامەی پارتی سیاسی لەسیستەمی دیموکراتی پەرلەمانیدا دەبێتە بەرنامەی حکومەت

حکومەتی لۆکاڵ لەدەسەڵاتەکانی حکومەتی ناوەندی زیاترە)).

پرۆفیسۆر میهرۆترا جەختی لەسەر دەسەڵاتی حکومەتی لۆکاڵ یان حکومەتی هەرێمی کرد بۆ بونیادی دیموکراتی، لەمەش گرنگتر جەختی لەوە کردەوە کە ئەم حاڵەتە لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو لەوانەش عێراق ئەو بوارە نەڕەخسێنراوە کە حکومەتی هەرێمەکان ئەو دەسەڵاتەیان هەبێت، سەبارەت بەگرفت و هەروەها کاریگەری کەلتور لەسەر ئەم پرسە پرۆفیسۆر میهرۆترا لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان وتی:(پێش هەموو شتێك با ئەوەمان لەیاد نەچێت کە درێژترین ئەزموونی دیموکراسی و دیموکراسییەتی مۆدێرن لەئەوروپا و ئەمریکای باکوور-ەوە سەرچاوەی هەڵگرتووە، بۆیە پێموایە ئەو قسانەی کە دەکرێت لەبارەی هەبوونی کەلتووری تایبەت بەوڵاتان هیچ سوودێکی ئەوتۆی نییە لەبەرئەوەی ناکرێ ئەوە بکەین بەپاساو، هەموو وڵاتێك خاوەن کەلتوری جیاوازە و هەموو وڵاتێك خاوەن شێوازێکی دیاریکراوە لەدیموکراسی، هەربۆیە زۆرجار ئەمە دەکەن بەپاساوێك و دەڵێن: «دیموکراسییەت بۆ ئێمە نییە، دیموکراسییەت ئەزموونێکی ڕۆژئاواییە، ئێمە خاوەن کەلتوری جیاوازین، بۆیە دیموکراسییەتمان لەئێوەی ڕۆژئاوایی ناوێت»، بەڕای من ئەم قسەیە دروست نییە و هیچ واتایەك ناگەیەنێت، من کەسێکی هندیم و لەوڵاتێکی شارستانی پەروەردە و گەورە بوومە و «هیندستان» خاوەن مێژوویەکی دێرین و شارستانییەتێکی کۆنە هاوشێوە لەگەڵ «عێراق» و «چین» و «میسر»، ڕاستە هەر یەك لەوڵاتەکانمان خاوەن شارستانییەت و کەلتوری جیاوازە، بەڵام ئێمە خاوەن کۆنترین دیموکراسییەتین لەنێو وڵاتانی تازەپێگەیشتوو لەجیهان، ئێمەیش تاڕادەیەکی زۆر شانازی بەوە دەکەین و سەربەرزین بەوەی کە خاوەن دیموکراسییەتین لەساتی سەربەخۆبوونمان لەحوکمی بەریتانی، هەروەها لەڕاستیدا یەکێك لەهۆکارەکانی سەرکەوتنمان ئەوەیە کە ئێمە وڵاتێکی گەورە و بەرفراوانین و ژمارەی دانیشتوانمان زۆرە و هاوکات لەبەرئەوەیە کە «هیندستان» وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و، هەرگیز ڕێگەمان نەداوە سیستەمێکی سەربازی لەوڵاتمان حوکمڕان بێت و هەرگیز سیستەمێکی سەربازی ناتوانێت حکومڕانی هیندستان بکات، ئەمە لەکاتێکدا ئەو وڵاتانەی کە لەهێزەکانی کۆڵۆنیالیزم سەربەخۆییان بەدەستهێناوە وەکو سەربەخۆیی لەهێزی ئیسپانی یان بەریتانی یانیش فەرەنسی ...و تاد. ئەو وڵاتانە دووبارە دەستووریان نووسیوەتەوە و حوکمی سەربازی دەسەڵاتی لەدەستگرتووە، تەنانەت لەعێراقیش ئەو شتە ڕوویداوە، هەربۆیە پێموایە قسە لەبارەی جیاوازیی کەلتوور هیچ واتایەك ناگەیەنێت لەمبارەیەوە)).

کەواتە ئەوەی پرۆفیسۆر میهرۆترا سەبارەت بەفیدالی و دیموکراتی هیندستان ئاماژەی پێکرد جیاوازی نەتەوەیی و ئایینییە، بێگومان ئەمەش مانای ئەوەیە لەوڵاتی فرە نەتەوە وفرە ئاییندا بەبێ دیموکراتی و فیدرالی ئەو وڵاتە ناپارێزرێت، هەر ئەمەشە وایکردووە کە هیندستان جیاواز بێت لەگەڵ میسر لەکاتێکدا جیاوازی نێوان سەربەخۆیی هیندستان و میسر تەنیا چەند ساڵێکە، بۆیە هەر لەچوارچێوەی بوونی ئەم جیاوازییە لەنێوان وڵاتانی تازە پێگەیشتوودا پرسیارمان لەپرۆفیسۆر دیڤرا مۆللەر ئوستادی پێوەندییە سیاسییەکان لەزانکۆی پەلسنڤانیا کرد، لەلێدوانیکی تایبەتدا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: (ڕەنگە بەرژەوەندی خەڵك لەوڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا جیاواز بێت، دامەزراوەکان کە نەتوانن سنوورێك دابنێن، لەبەر ئەوەی لەرزۆکن و ئەو دامەزراوانەش کە چاودێری حکومەت دەکەن لاوازن. بەشێك



وڵاتەکە گەنجن، گەنجانیش زیاتر بۆچوونی توندیان هەیە و کەمتر شێوازە سیاسییەکان دەگرنەبەر، کەواتە ئەمە کێشەیەکی قورسە. بۆیە لەم حاڵەتەدا دەبێت هەم بازاڕ و هەم حکومەت سنووریان بۆ دابنرێت، واتە دەبێت هاوسەنگیەك لەنێوان ئەم دوو لایەنەدا بدۆزرێتەوە. ئەگەر لەوڵاتە ئەوروپیەکان بڕوانیت، ئەوا ئەو باجەی لەهاووڵاتیان وەردەگیرێت بەکار دەهێنرێنرێتەوە بۆ دابینکردنی چاودێری تەندروستی و سیستمێکی پەروەردەی باشتر، ئەمریکا لەم ڕووەوە کارێکی باشتری ئەنجامداوە، کەواتە لەچوارچێوەی بازاڕی ئازادیشدا دەتوانرێت ئەو شێوە ڕێکخستنە پیادە بکرێت کە دادپەروەری کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە. کە مەرج نییە بەشێوازێکی دیکتاتۆری ئەنجام بدرێت، واتە ئەگەر ئەمە خواستی خەڵك بێت لەدیموکراسیدا دەبێت ڕێگایەك بۆ هێنانەدی بدۆزرێتەوە)).


ئەوەی لەمیانەی ئاخاوتنی ئەم دوو پرۆفیسۆرە ئاماژەیان لەسەر کراوە، ئاماژەکردن بوون بۆ چەند خاڵێکی سەرەکی کە جەختکرنە لەوەی چۆن بەرنامەی حزب دەبێتە بەرنامەی حکومەت

لەسەرکەوتنی دیموکراسی لەوڵاتە پێشکەوتووە بەپیشەسازیبووەکاندا ئەوەیە دامەزراوەی بەهێز هەن کە خەڵکی پشتیان پێدەبەستن. مەرج نییە ئێمە باشترین سەرکردەمان هەبێت لەئەمریکا یان ئەوروپا، بەڵام ئەو دامەزراوانەمان هەن کە سنوورێك بۆ ئەو سەرکردانە دادەنێن یاخود دووریان دەخەنەوە لەدەسەڵات. ئێمە زانیاریەکی زیاترمان هەیە لەبارەی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کارەکانی حکومەت، بەو پێیە توانای باشترمان هەیە بۆ خۆڕێکخستن بۆ بەرهەڵستیکردن کاتێك سەرکردەکان لەئاستی خواست و ویستی خەڵکدا نین، بەهەمان شێوە دامەزراوەی بەهێزمان هەیە لەپێوەندیدا بەدەسەڵاتی قەزائی و بەپەرلەمان و دەزگای بیرۆکراسیەوە بۆ سنووردانان بۆ سەرکردەکان. هەروەها لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو یان لەزۆرێك لەو وڵاتانە زۆرینەی دانیشتوانی

لەسیستمی دیموکراتیدا، ئەم بەرنامەیەش بەرنامەیەکی هەمەلایەنە و هەموو بوراەکانی ژیان دەگرێتەوە، بۆیە ئەگەر لێرەوە پرسیار ئەوە بێت، ئایا چۆن بەرنامەی لیستی کوردستانی لەکابینەی حەوتەمدا دەکرێتە بەرنامەی خەڵك، ئەوا وەك خاتوونی پرۆفیسۆر دیڤرا مۆللەر ئاماژەی پێکرد بەبونیادی دامەزراوەی بەهێز و بەڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان حکومەت و بازاڕدا، یان بەڕاگرتنی هاوسەنگی لەنێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتدا، هەروەها ناکرێت ئەوەش نادیدە بکرێت، کە هەرێمی کوردستان یەکێکە لەو وڵاتانەی کە بەوڵاتی گەنجان لەقەڵەم دەرێت، بۆیە گرنگە بایەخ بەگەنجان و نەهێشتنی ئاستەنگەکانی بەردەمیان بدرێت و دەبێت لەئەولەویەتی بەرنامەکە بێت.

جاک گۆڵدستن بۆ گوڵان:

# زانست و تەکنۆلۆژیا بەدوو شێوە هاوسەنگی هێز لە جیهاندا دەگۆڕن. یەکەم، لە ڕێی زیادکردنی بەرهەمهێنان دووەم، لە ڕێی پەرەپێدانی توانای نەتەوەکان



**پرۆفیسۆر جاک گۆڵدستۆن ئوستادی سیاسەتی جیهانیە(Global Policy) لەزانکۆی جۆرج ماسۆن و تایبەتمەندە لەمێژووی بەراوردکاری جیهانی و کێشە سیاسییەکان و شۆڕش و بزاڤە کۆمەڵایەتیەکان و دیموکراتیزەکردن و بونیادی دەوڵەت، بۆیە سەبارەت بەپرسی دەسەڵات و ئەو گۆڕانکارییانەی لەچەمکی دەسەڵات هاتوونە ئاراوە بەتایبەتی دوای پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا و گۆڕینی سەرچاوەی دەسەڵاتەکان چەند پرسیارێکمان ئاراستەی پرۆفیسۆر جاک گۆڵدستۆن کرد کە ئەمە دەقەکەیەتی.**

*** هەر لەسەرەتای سەدەی بیست و یەکەوە گۆڕانکاری بەسەر چەمکی دەسەڵات هاتووە. ئەمەش بەو مانایە دێت کە لەسەرەتای سەدەی بیست دا دەسەڵات بەمانای هێز هات، بەڵام لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە چەمکی دەسەڵات بەزۆری بەمانای سامان دێت. بەتیڕوانینی ئێوە بۆچی لەم سەردەمەدا دەسەڵات بەمانای مەعریفە بەکاردێت؟**

- ئەمڕۆ لەهەر کاتێکی دیکە زیاتر، مەعریفە گرنگیەکی سەرەکی هەیە هەم بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و هەم بۆ بەدەستهێنانی سامان، مەعریفەی تایبەتمەند دەبێتەهۆی بەدەستهێنانی پێگە و هێزی بازاڕ لەبواری پیشەیی، زانست، تەنانەت لەزۆر بواری حکومڕانیدا. لەمڕۆدا «دەسەڵاتەکان» تەنیا هێز یان سەروەت نین، بەڵکو بریتییە لەبوونی ئەو «کەسانەی زانیاری باشتریان» هەیە لەوانی دیکە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

*** ناکۆکی و ململانێ لەسەر دەسەڵات بۆ کۆنترۆڵکردنی جیهان لەڕێی مەعریفەوە ئەنجام دەدرێت، ئەمەش بەو مانایە دێت چۆن مەعریفیە بەرهەم بهێنرێت بۆ خۆشگوزەرانی مرۆڤایەتی، چۆن بەرهەمی هەرزان بەدەست بهێنێت و... تاد. کەواتە تا چ ڕادەیەك زانست و تەکنۆلۆژیا توانیویانە هاوسەنگی هێز لەجیهاندا بگۆڕن؟**

- زانست و تەکنۆلۆژیا بەدوو شێوە هاوسەنگی هێزی جیهان دەگۆڕن. یەکەم، لەڕێی زیادکردنی بەرهەمهێنان، کە دەرفەتی زیادکردنی سەروەت و سامان بۆ نەتەوەکان دەڕەخسێنن. دووەم، لەڕێی پەرەپێدانی توانای نەتەوەکان بۆ دروستکردنی چەکی ورد و تێکشکێنەر. کۆمەڵگە ئازاد و دیموکراتیەکان باشتر زانست و تەکنۆلۆژیا بەکاردەهێنن بۆ کۆکردنەوەی سەروەت لەڕێی بەکارهێنانی تۆڕە هەمەچەشنەکان و بازاڕەکان بۆ ئەنجامدانی ئەو نوێگەریانەی کە زۆرترین بەرهەمیان دەبێت. بەڵام کۆمەڵگە تاکڕەوەکان دەتوانن باشتر چەکە پێشکەوتووەکان بەدەست بهێنن، ئەویش یان لەڕێی کڕین یاخود لەڕێی لاساییکردنەوەی ئەو نەتەوانەی

**لەمڕۆدا دەسەڵاتەکان تەنیا هێز یان سەروەت نین. بەڵکو بریتییە لەبوونی ئەو «کەسانەی زانیاری باشتریان لایە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان**




**لەگەڵ بڵاوبوونەوەی مەعریفە و پیشەسازیدا، دەسەڵاتیش بڵاو دەبێتەوە**

ئازادن و ئابووریەکی پێشکەوتوویان هەیە. ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کە وڵاتێکی هەژار و تاکرەوەی وەك کۆریای باکوور دەتوانێت ببێتە وڵاتێکی مەترسیدار، نەك بەهۆی سەروەت و سامانەکەیەوە، بەڵکو بەهۆی توانا ئەتۆمیەکەیەوە.

*** زۆرێك لەکۆمپانیا گەورە و بەناوبانگەکان شکست دەهێنن و ناوەندی تەکنۆلۆژیای کۆمپیوتەر لەئەوروپاوە دەگوازرێتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی یابان، ئایا تا چ ڕاددەیەك ئەم گۆڕانکاریانە هۆکاری ئاڵوگۆڕی دەسەڵاتن لەجیهاندا؟**

- لەگەڵ بڵاوبوونەوەی مەعریفە و پیشەسازیدا، دەسەڵاتیش بڵاو دەبێتەوە. کەلێنی نێوان وڵاتە دەوڵەمەند و هەرە بەهێزەکان لەگەڵ وڵاتە تازە گەشەکردووەکان کەم دەبێتەوە. لەکاتێکدا چین، هیندستان، بەرازیل و تورکیا زیاتر توانایان بەسەر زانست و تەکنۆلۆژیادا دەشکێت، ئەویش لەپێناو بەرهەمهێنانی ئابووری و پەرەپێدانی چەك، ئەوا دەتوانن تەحەددی باڵادەستی ڕۆژئاوا بەسەر جیهاندا بکەن.

*** کۆمپانیا نەتەوەییەکان دەگۆڕێن بۆ کۆمپانیای فرەنەتەوەیی، ئەویش لەپێناو خۆڕزگارکردن لەئیفلاسبوون و تەحەددی کردنی مەعریفەیەکی بەرفراوانتر. ئایا دەسەڵاتی مەعریفە جێی دەسەڵاتی تەقلیدی گرتۆتەوە؟**

- شوێنی دەسەڵات گۆڕاوە-لەکاتێکدا دەسەڵات لەڕێکخراوەکاندا (کۆمپانیا نەتەوەییەکان و دەوڵەتە نەتەوەییەکان) چڕببۆوە، لەئێستادا دەسەڵات لەتۆڕەکان و لەکۆنترۆڵکردنی مەعریفە و سەرمایەدا چڕبۆتەوە. ئەم تۆڕانە ناوەندیان هەیە لەچەندین وڵاتدا، کە دارایی، و مەعریفە و کاڵا و خزمەتگوزاریەکان لەسەرتاسەری جیهاندا ئاڵوگۆڕ پێدەکەن. بەرەوتێکی ڕوو لەزیاد کۆمپانیا فرە نەتەوەییەکان دەبنە تۆڕە فرەنەتەوەییەکان کە چەندین کردار لەجیهاندا ئەنجام دەدەن و لەڕێی ئامرازەکانی پێوەندیەوە پێکەوە گرێدەدرێن و سەفەر دەکەن لەپێناو دابەشکردندا و لەپێناو بەڕێوەبردنی سەنتەرەکانیان لەشارە گەورەکاندا. ڕێکخراوەکانی وەك ناتۆ، یەکێتی ئەوروپا، ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی و نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە سەروو نەتەوەییەکان دووبارە توانای ئەنجامدانی کارەکانیان هەیە لەناوچە جیاوازەکان و مەعریفە دەبەنە ئەو شوێنەی کە پێویستە، ئەوان لەسەر حسابی دەوڵەتە تەقلیدیەکان دەسەڵات بەدەست دەهێنن.

*** لەپێوەندیدا بەتەکنۆلۆژیای ئاڵوگۆڕی زانیاریەوە، ئێمە ئەم سەردەمە بەخێراترین سەردەمی گواستنەوەی زانیاری دەزانین و بەهۆی ئەنتەرنێتەوە، مەحاڵە بتوانرێت زانیاری کۆنترۆڵ بکرێت. تا چ ڕاددەیەك مەترسی ئەوە هەیە کە هەندێ کەس ئەمە ئیستیغلال بکەن و زانیاری بەکار بهێنن بۆ توندوتیژی و پێشلکردنی مافەکانی مرۆڤ، چۆن جیهان دەتوانێت ئەم کاریگەریە لاوەکیە کۆنترۆڵ بکات؟**

- دەتوانرێت مەعریفە بۆ خێر یان شەڕ بەکار بهێنرێت. باشترین کارێك بۆئەوەی مەعریفە بۆ خێر بەکار بهێنرێت ئەوەیە، دەوڵەتان، کۆمپانیا فرەنەتەوەکان، دەسەڵاتە سەروو

**باشترین کارێك بۆئەوەی مەعریفە بۆ خێر بەکار بهێنرێت ئەوەیە بەرگری لەمافەکانی مرۆڤ بکەن**

**لەئێستادا دەسەڵات لەتۆڕەکان و لەکۆنترۆڵکردنی مەعریفە و سەرمایەدا چڕبۆتەوە**

نەتەوەییەکان لەهەموو شوێنێکی جیهان بەرگری لەمافەکانی مرۆڤ بکەن.

*** ئەگەر ئابووری جیهان لەسەر بنەمای مەعریفە بەڕێوەبچێت، ئەوا دەبێت حکومەتێکی جیهانیش بوونی هەبێت، تا چ ڕاددەیەك پێتوایە جیهان دەبێتە حکومەتێکی دیموکراتی گەورە؟**

- ڕۆژێك ئەمە هەر ڕوودەدات، بەڵام ڕەنگە لەژیانی ئێمەدا نەبێت. حکومەتی دیموکراسی پێویستی بەمتمانەیە، متمانە بەوەی حکومەت ملکەچی یاسا دەبێت، هەروەها متمانە بەوەی دەنگدەرانی دیکە نزیکەی هەمان ئامانج و بەهایان هەبێت تاوەکو پابەند بێت بەدەنگەکانیانەوە. کە هێشتا ئێمە نزیك نەبووینەتەوە لەدروستکردنی ئەو متمانەیە لەنێوان نەتەوە جیاوازەکاندا.

*** هێشتا کێشەی ناسنامە هەیە لەجیهاندا و هێشتا چەندین نەتەوە و گروپ هەن لەهەوڵی دۆزینەوەی ناسنامەی خۆیاندان، چۆن ئەم نەتەوانە لەدنیای بەجیهانی بوودا دەتوانن ناسنامەی خۆیان بدۆزنەوە؟**

- دەتوانن لەنەریت و مێژوو و کەلتوری تایبەتی خۆیاندا بیدۆزنەوە. بەڵام تەحەددی بەردەم جیهان بریتییە لەپاراستن و ڕێزگرتن لەچالاکیە کەلتوریەکان و هەڵوێستی هاوبەش لەئاست پرسی مافەکانی مرۆڤ، ئازادی ئابووری و حکومەتی دیموکراتی و بەرپرس. ئەم کێشەیە کاتێکی زۆری دەوێت تاوەکو چارەسەر بکرێت، لەکاتێکدا ئەگەری ئەوە هەیە گروپەکان وەك سەرچاوەی هەڕەشە لەیەکتر بڕوانن و پەنا بۆ توندوتیژی ببەن بۆ باشترکردنی دۆخی خۆیان.

ئەلڤارۆ کۆیرڤۆ کازورا:

# باشی دیموکراسی ئەوەیە کاتێک بەڵێنەکان جێبەجێ ناکرێن دەتوانیت دەنگ بۆ دوورخستنەوەیان بدەیت

**ئەلڤارۆ کۆیرڤۆ کازورا ئوستادی بزنسی نێودەوڵەتیە لەزانکۆی نۆرس ئیسترن، تایبەتمەندە لەستراتیژیەتی کارگێڕی و بەڕێوەبردن و حکومڕانی، بۆ قسەکردن لەسەر بەرنامەی حکومەت و ڕۆڵی پارتە سیاسییەکان لەسیستمی دیموکراتی و هەروەها بۆ هەڵوەستەکردن لەسەر کێشە و ئاستەنگەکانی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو ڕۆڵ و کاریگەری هاووڵاتیان بۆ بەشداریکردن لە حکومەت و چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەو کە مو کو ر ییە کا نی کۆمەڵگە، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی پرۆفیسۆر ئەلڤارۆ کرد و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە کە ئەمە دەقەکەیەتی.**



*** لەوڵاتە دیموکراسیەکاندا بەرنامەی حکومەت بەرنامەی پارتە سیاسییەکانە، واتە بەرنامەی ئەو پارتانەی لەهەڵبژاردنەکاندا سەرکەوتوبوونە و حکومەتیان پێکهێناوە، چۆن تەفسیری گۆڕانی بەرنامەی پارتە سیاسییەکان بۆ بەرنامەی خەڵك دەکەیت، کە ئەو کاتە بەحکومەت دەوترێت حکومەتی خەڵك؟**

- ئەوەی پێوەندیی بەدیموکراسیەوە هەبێت، ئەوا هیچ دیموکراسیەك بێ کەموکوڕی نییە، هەروەها هەموو پرۆسەیەکی سیاسی پێویستی بەڕەچاوکردنی خواست و داواکاریی گروپە جیاوازەکانی خەڵك هەیە، کاتێك تۆ سیستمێکی دیموکراسیت دەبێت، ئەوا لەکاتی هەڵمەتەکاندا پارتە سیاسییەکان بەڵێن دەدەن و ئەوە ڕوون دەکەنەوە کە دەیانەوێت وڵاتەکە چۆن بەڕێوەببەن، ڕەنگە خەڵکیش هاوڕابن لەگەڵیاندا و لەبەر ئەوە دەنگیان پێبدەن، یاخود لەبەر هەر هۆکارێکی دیکە، بۆ نموونە لەبەر ئەوەی نارازین لەئاست پارتەکانی دیکەدا، کەواتە ئەگەر دیموکراسی نەبێت، ئەوا ئەوانیش توانای هەڵبژاردنیان نابێت، چونکە لەدیموکراسیدا ئێمە دەنگ بەو پارتانە دەدەین کە پێمانوایە بەباشترین شێوە نوێنەرایەتی بۆچوونەکانی ئێمە دەکەن. تەحەددی دواتر ئەوەیە کاتێك پارتە سیاسییەکە حکومەت پێکدەهێنێت، ئەگەر زۆرینەیان نەبێت، ئەوا ناچارن لەگەڵ گروپەکانی دیکەدا گفتوگۆ بکەن، تەنانەت ئەگەر زۆرینەشیان هەبوو، ئەوا دەبێت بۆچوون و خواستی ئەو کەسانەش لەبەرچاوبگرن کە دەنگیان پێنەداون و هەروەها لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ڕەنگە هەندێ لەو بۆچوونانە عەمەلی بن، چونکە ئەوەی لەدیموکراسیدا گرنگە تەنیا بنەمای حکومڕانی زۆرینە نییە، بەڵکو لەگەڵ حکومڕانی زۆرینەدا بریتییە لەپاراستنی خواست و ویستی کەمینەکانیش. ئاکامەکەشی ئەوە دەبێت ئەو سیاسەتانەی جێبەجێ دەکرێن بەرهەمی گفتوگۆی نێوان لایەنەکان و کاریگەری گروپەکانی گوشار دەبن، واتە ڕەنگە لایەنگەلێك هەڵنەبژێردرێن، بەڵام قسە و بۆچوونی خۆیان دەبێت لەگفتوگۆ سیاسییەکەدا. واتە ڕێگایەك هەیە بۆ گۆڕینی خواستی خەڵك بۆ سیاسەت، ئەمەش بەشێکە لەگفتوگۆی نێوان ئەو لایەنانەی لەدەسەڵاتدان. دووبارە دیموکراسی بریتی نییە لەتەنیا سەپاندنی حکومڕانی زۆرینە، بەڵکو لەبەرچاوگرتنی

هەندێ بەرژەوەندی کەمینەشە. بەشێوەیەك لەشێوەیەکان ئەمە جیاوازی نێوان دیموکراسیەت و دیکتاتۆیەتە.

*** کێشەی سەرەکی پارتە سیاسییەکان بریتییە لەوەی چۆن نوێنەرایەتی ئەو کەسانە بکرێت کە دەنگیان بەو پارتە سیاسییە داوە، واتە هەر کاتێك پارتە سیاسییەکان بەڵێنەکانی خۆیان جێبەجێ نەکرد لەبواری گشتیدا، ئەوا ڕەخنە دروست دەبێت، واتە خەڵك ڕەخنە لەبارودۆخەکە دەگرن، ڕەخنە ئاڕاستەی حکومەت دەکەن، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن حکومەت بتوانێت وەڵامی ئەم ڕەخنانە بداتەوە؟**

- ئیجابیەتی دیموکراسی ئەوەیە کاتێك ئەو کەسانەی دەنگت پێداون بەڵێنەکانی خۆیان جێبەجێ ناکەن یاخود بەو شێوەیە ڕەفتار ناکەن کە تۆ چاوەڕوانت دەکرد، دەتوانیت لەدژی ئەوان دەنگ بدەیت لەماوەی چوار ساڵی داهاتوودا، کە ئەمە دەوەستێتە سەر هەڵبژاردنەکان، لەبری ئەوەی ڕێگای دیکە بگریتەبەر و توندوتیژی بەرپابکەیت بۆئەوەی دووریان بخەیتەوە لەدەسەڵات. کەواتە باشی دیموکراسی ئەوەیە کاتێك بەڵێنەکان جێبەجێ

**ئەگەر بتەوێت بەرەوپێشچوون بەدەست بهێنیت، ئەوا دەبێت سەرەتا کار بۆ حکومڕانی باش بکەیت**

ناکرێن، تۆ دەتوانیت دەنگ بۆ دوورخستنەوەیان بدەیت، بەو شێوەیە زۆرینە دەسەڵات لەدەست دەدات و دەبێتە موعارەزە. لەپێوەندیدا بەبواری گشتیەوە یەکێك لەو شتانەی دەبێت بیکەن ڕوونکردنەوەی ئەوەیە کە بەڵێنیان داوە و بۆچی ناتوانن ئەو بەڵێنە جێبەجێ بکەن، واتە ڕایبگەیەنن لەهەڵمەتەکاندا ئەم بەڵێنانەمان داوە و ئێستاش لەدەسەڵاتداین ئەوە دەخەینە ڕوو کە بۆچی ناتوانین ئەوە جێبەجێ بکەین کە بەڵێنمان دابوو. ئەوەش بەشێکە لەو گفتوگۆیەی لەنێوان کەسانی دەسەڵاتدار و خەڵکدا هەیە، دواتر دەبێت گفتوگۆ لەنێو پارتە سیاسییەکاندا هەبێت، واتە بۆچوونی ئەو کەسانە تاوتوێ بکەن کە دەنگیان پێداون. لێرەدا دیموکراسیەکان جیاواز دەبن، کاتێك خەڵکی دەنگ بۆ پارتێکی دیاریکراو دەدەن نەك بۆ کەسێك، ئەوا پێوەندی و ڕایەڵێك لەنێوان ئەو پارتە و خەڵکدا دروست دەبێ،

**ئەوەی لەدیموکراسیدا گرنگە تەنیا بنەمای حکومڕانی زۆرینە نییە، بەڵکو لەگەڵ حکومڕانی زۆرینەدا بریتییە لەپاراستنی خواست و ویستی کەمینەکانیش**

لەبەر ئەوەی تۆ کەسێکی دیاریکراو ناخەیتە بەردەم بەرپرسیارێتی. لەدیموکراسیەکانی دیکەدا کاتێك تۆ دەنگ بۆ کەسێکی دیاریکراو دەدەیت، ئەوا ئەو کەسە بەرپرسیارە لەبەدیهێنانی خواستەکانی تۆ. ئایا ڕێگایەك هەیە بۆ بروودان بەمە، ڕەنگە نووسینی پەیام و ئاڕاستەکردنیان و بوونی کەسێك کە ئەو پەیامانە بخوێننەوە بۆچوونێکت دەداتێ لەبارەی ئەوەی خەڵکی بایەخ بەچی دەدەن و بیر لەچی دەکەنەوە. لەئێستادا فەیسبوك و تویتەر بوونەتە دوو سەرچاوەی گرنگی زانیاری بۆ سیاسییەکان، لەبەر ئەوەی بڕێکی زۆری زانیاری بەخێراییەکی زۆر بڵاو دەبنەوە. تەحەددیەکی دیکەی بەردەم سیستەمەکە ئەوەیە ڕەنگە خەڵکانێکی زۆر هەبن کە دەستیان بەتەکنۆلۆژیا ڕاناگات، یاخود ڕانەهاتوون لەسەر ئەوەی بەرپرسەکان بخەنە بەردەم بەرپرسیارێتیەکانیان، چونکە ڕانەهاتوون گوزارشت لەبۆچوونەکانی خۆیان بکەن.

*** کێشەی وڵاتە تازەگەشەکردووەکان ئەوەیە دەیانەوێت ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو کۆپی بکەنەوە، ئایا تا چ ڕادەیەك هاوڕایت لەگەڵ ئەم لێکدانەوەیەدا و تا چ ئەندازەیەك پێتوایە دووبارەکردنەوەی ئەزموونی وڵاتە گەشەکردووەکان سوودی بۆ وڵاتانی تازە پێگەیشتوو هەیە؟**

- تا ڕادەیەکی دیاریکراو تەحەددیەکە ئەوەیە باشترین ڕێگا بگرینەبەر، ئەو وڵاتانەی خاوەنی ئابوورییەکی پێشکەوتوون تا ڕادەیەك حکومڕانیەکی باشیان هەیە، بەڵام ئەمەش دوای چەندین دەیە لەباشترکردن و بەرەوپێشبردنی سیستەمەکە هاتەدی. ئەگەر لەکێشەی گەندەڵی بڕوانیت، ئەوا حاڵی حازر هەندێ وڵات هەن کەمترین گەندەڵیان تێدایە، وڵاتە ئەسکەندەنافیەکان کێشەی گەندەڵیان هەبوو، لەڕاستیدا گەندەڵی لەهەموو شوێنێك هەیە، بەڵام گەندەڵی لەوڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا پتر بەربڵاوە

بەبەراور بە وڵاتە پێشکەتووەکان، تەنانەت لەهەندێ وڵاتی تازە گەشەکردوش هەن کە گەندەڵیەکی زۆر کەمیان تێدایە، بۆ نموونە چیللی کە پێدەچێت وڵاتێك بێت تا ڕادەیەکی باش کێشەی گەندەڵی نەبێت. هەروەها ١٠٠ ساڵ پێش ئێستا گەندەڵیەکی زۆر هەبوو لەوڵاتانی ئەسکەندەنافی، کە سیاسییەکان و بازرگانەکان کاریگەریەکی زۆریان هەبوو، کە ئێستا کەمترە. تەحەددیەکە ئەوەیە ئەگەر تۆ لەسەرەتاوە دەست پێبکەیت بۆ دروستکردنی حکومڕانی بەئامانجی گەیشتن بەترۆپك و لوتکە، ئەوا دەبێت لەو ڕاستیە تێبگەیت کە ئەمە پرۆسەیەك بوو و کاتێکی زۆر خایاند. من لەگەڵ ئەوەدام هێنانەدی باشترین ئەنجام ئامانجمان بێت، نەك بێ ئومێد بین و بڵێین ئەمە وڵاتێکی تازەگەشەکردووە و ناتوانین بیگۆڕین، لەبەر ئەوەی حکومڕانی باش سەردەکێشێت بۆ بەرەوپێشچوون، نەك بەپێچەوانەوە، لەکۆتاییدا بەرەوپێشچوونی زیاتر دەبێتەهۆی باشتر هاتنەدی حکومڕانی باش، بەڵام ئەگەر بتەوێت بەرەوپێشچوون بەدەست بهێنیت، ئەوا دەبێت سەرەتا کار بۆ حکومڕانی

**هەموو پرۆسەیەکی سیاسی پێویستی بەرەچاوکردنی خواست و داواکاریی گروپە جیاوازەکانی خەڵك هەیە**

باش بکەیت. من دڵنیانیم لەگونجاوی کۆپیکردنەوەی ئەزموونێکی سەرکەوتوو، هەرچەندە سەروەریی یاسا و نەهێشتنی گەندەڵی، ئەمانە ستانداردی جیهانین، لەبەر ئەوەی بەها کەلتوریەکان کەمتر کاریگەرن لەسەری، کەواتە بەڵێ دەکرێ لەم بوارانەدا ئەزموونە سەرکەوتووەکان کۆپی بکرێنەوە، بەڵام سیستەمە سیاسیەکە جیاوازە، لەبەر ئەوەی ناکرێت ئەزموونی وڵاتێك لەوڵاتێکی دیکە دووبارە بکرێتەوە، بۆ نموونە ناکرێت ئەزموونی پێکهێنانی پارتە سیاسییەکان لەهەموو جیهاندا دووبارە بکرێتەوە، بەهۆی جیاوازی هەل و مەرجی مێژوویی، دامەزراوەکان، ئایین و کەلتوری وڵاتەکە، کەواتە دەکرێ بنەماکان کۆپی بکرێنەوە، بۆ نموونە بیرۆکەی ئەوەی بەرپرسەکان نوێنەری دەنگدەرانن و بەرپرسیارن لەئاست دەنگدەراندا، لەگەڵ بنەمای هەڵبژاردن هەر

ساڵ جارێك كە هیچ كۆت و بەندێك لەسەر ئەو كەسانە دانەنرێن كە تەمەنیان بواری دەنگدانیان پێدەدات، ئەمانە ناوەستنەسەر ئاستی بەرەوپێشچوونی وڵاتەكە، بەڵام نەك سیستمی دوو حزبی لەئەمریكا كە پتر ڕەنگدانەوەی ئەو سیستمەیە لەبەریتانیا، كە ئەمە مۆدێلێك نییە لەجیهاندا پیادە بكرێت، لەوڵاتانی دیكەدا چەندین پارتی سیاسی هەن، ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەل و مەرجی وڵاتەكەیە، لەئیسرائیل بڕوانە، لەئیسپانیا، هەروەها لە ئەڵمانیا، كە چەندین پارتی سیاسی جیاواز هەن و نوێنەرایەتی گروپە جیاوازەكان دەكەن و حكومەتی هاوپەیمانی پێكدەهێنن، كە جیاوازە لەسیستمی ئەمریكا و بەریتانیا كە لایەنی براوە دەسەڵات دەگرێتەدەست و حكومەتی هاوپەیمانی پێكناهێنرێت، ئەگەرچی ئێستا لەبەریتانیا حكومەتێكی هاوپەیمانێتی هەیە. كەواتە بەڵێ دەكرێت ئەو بنەما و بیرۆكانە كۆپی بكرێن كە ڕەنگدانەوەی جیاوازیە كەلتورییەكان نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت هەل و مەرجە مێژووییەكەی وڵاتەكە لەبەرچاوبگیرێت ئەگەر بتەوێت سیستمەكە كۆپی بكەیت.

**سەرۆكی حكومەتی پێشووی ئیسپانیا بڕیاریدا نیوەی وەزیرەكانی حكومەتەكەی ئافرەت بن و ئەو كارەشی كرد. ئەوەش تا ڕادەیەك بۆ ئەوە بوو پیشانی بدات كە ئافرەتانیش بەچەشنی پیاوان سەركەوتوون**



*** چۆن كارلێكی نێوان كەلتور و بەرەوپێشچوونی دیموكراسی لێكدەدەیتەوە، ئەگەر ئاشنابن بەدۆخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوا ئافرەتان مافی دەنگدانیان هەیە، بەڵام مافی خۆپاڵاوتنیان نییە، بۆ نموونە لەمیسردا هیچ ئەندام پەرلەمانێكی ئافرەت لەو وڵاتەدا بوونی نییە، ئایا مافی دەنگدان بەتەنیا بەسە بۆ ئافرەتان، یاخود چۆن بتوانین ڕێژەی بەشداری سیاسی ئافرەتان زیاد بكەین؟**

- كەلتور دەگۆڕێت و دەتوانێت لەڕێی یاساوە ئەم كارە بكەیت، بەتایبەتی لەپەیوەندیدا بەمافی دەنگدان لەلایەن ئافرەتانەوە، ئەم حاڵەتە لەوڵاتە پێشكەوتووەكانیشدا تاوەكو سەدەی بیست بوونی هەبوو، كە لەسەرەتادا پیاوان مافی دەنگدانیان هەبوو. ئەمە كێشەی كەلتور نییە، بەڵكو كێشەیەكی یاساییە، واتە كاتێك ئافرەتان مافی دەنگدان و مافی نوێنەرایەتیكردن یاخود مافی خۆپاڵاوتنیان پێدرا، ئەوا بۆ دەسەڵات هەڵدەبژێردرێن. بۆ نموونە سەرۆكی حكومەتی پێشووی ئیسپانیا بڕیاریدا نیوەی وەزیرەكانی حكومەتەكەی ئافرەت بن و ئەو كارەشی كرد، ئەوەش تا ڕادەیەك بۆ ئەوە بوو پیشانی بدات كە ئافرەتانیش بەچەشنی پیاوان سەركەوتوو دەبن لەپۆستی دەسەڵاتدا. هەروەها چەندین ئافرەت هەبوو كە سەرۆك بوون، بۆ نموونە حاڵی حازر ئافرەتێك حكومەت بەڕێوە دەبات لەئەڵمانیا، بەهەمان شێوە مارگرێت تاتشەر بۆ چەندین ساڵ حكومەتی بەریتانیای بەڕێوەبرد، كەواتە ئەمە شتێكی سەیر نییە، لەهەمان كاتدا ئەمە كێشەیەك نییە هۆكارەكەی ئایینی بێت، بۆ نموونە ئافرەتێك سەرۆكی بەنگلادیش بوو كە وڵاتێكی ئیسلامیە. كەواتە ئەمە كێشەیەكی ئایینی نییە، بەڵكو مەسەلەكە ئەوەیە ئەو كەسانەی لەدەسەڵاتدا خوازیاری ئەوەن دۆخەكە وەك خۆی بمێنێتەوە. كەلتور بەزەحمەت دەگۆڕێت، بەڵام لەپەیوەندیدا بەمافەكانەوە دەبێت كار بۆ گۆڕینیان بكات و یاساكان بگۆڕێت، بەچەشنێك بواری خۆپاڵاوتن بەئافرەتان بدرێت بۆ ئەوەی بگەنە دەسەڵات، ئایا ئەمە كاتی دەوێت؟ بەڵێ، ئایا ئەمە شتێكی مەحاڵە؟ نەخێر. ئایا دەكرێت ئافرەت ببێتە سەرۆك لەوڵاتە ئیسلامیەكاندا؟ بۆچی نا. نازانم ڕاستە یان نا، بەڵام باس لەوە دەكرێت یەكێك لەپاڵێوراوەكانی سەرۆكایەتی لەتوركیادا ئافرەت بوو. كەواتە كێشەكە ئیسلام نییە، چونكە ئەگەر لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بڕوانین، ئەوا هەندێ وڵات زۆر توندن لەم ڕووەوە و هەندێكی دیكە دیموكراسیان تێدا پیادە دەكرێت و بەرەوپێشیش دەچن، توركیا وڵاتێكی دیموكراتیە و پێشتریش وڵاتێكی دیموكراتی بووە، ڕاستە بێ كێشە و تەحەددی نەبووە، بەڵام هیچ دیموكراسیەك نییە بێ كەموكوڕی بێت، ئەمریكاش لەڕووی دیموكراسیەوە بێ كەموكوڕی نییە، كەواتە پێموایە كێشەیەكە ئەوەنییە هەوڵی نەهێشتنی كەموكوڕی بدەین، هێندەی ئەوەی پەیوەستە بەمرونەت و بوونی ئیرادەی گۆڕانەوە كاتێك كێشە دێتەئاراوە و ئیرادەی چارەسەركردنی ئەو كێشانەش، زۆرێك لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دیكتاتۆریەتیان ڕەتكردەوە و ئێستا بوونەتە دیموكراسی، ئایا كاتی زیاتریان دەوێت بۆ ئەوەی بەرەوپێشبچن؟ بەڵێ، بەڵام گرنگ ئەوەیە دەستیان پێكردووە و ئێستا دەرفەتی جێبەجێكردنی زۆرێك لەو بیرۆكانەیان هەیە كە سەركەوتوو بوونە لەوڵاتانی دیكەدا، بۆ نموونە لەپەیوەندیدا بەمافی ئافرەتانەوە ئەوا باوەڕناكەم هیچ كەسێك بەشداریكردنی ئافرەتانی لەپرۆسە سیاسیەكەدا پێباش نەبێت، لەبەر ئەوەی نیوەی كۆمەڵن و دەبێت گوێیان لێبگیرێت و ئەو كێشانەی بەلایانەوە گرنگە ڕەنگە هەندێكیان جیاواز بن لەو كێشانەی پیاوان بایەخیان پێدەدەن، كەواتە شتێكی مەزنە ئافرەتان نەك تەنیا بتوانن دەنگ بدەن، بەڵكو بەشداری لەدەسەڵات و سیاسیدا بكەن و ببنە بەشێك لەدەسەڵات.

# کێن ئەو ژنانەی بە عەقڵی پیاو بیر ئەکەنەوە؟

«ژن لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بە عەقڵی پیاو بیردەکەنەوە» زۆرجار ئەم قسەیە دووبارە ئەبێتەوە. ئاخۆ ریشەی ئەم باوەڕە چیە و لەکوێوە سەرچاوەی گرتوە؟ ئایا پیاو زیاتر ئەمە ئەڵێت یان ژن؟ باشتروایە بپرسم: ئایا راستە ژن بە عەقڵی پیاو بیردەکاتەوە؟ ئایا پیاوان سوودیان لە نێرایەتی و دین و کۆمەڵگە بینیوە بۆ ئەوەی ئەم بیردۆزە بچەسپێنن یان تەنیا مەسەلەکە ململانێ ئەزەلیەکەیە و نایانەوێت رەگەزێکی تر هەبێت «خۆی» بێت؟ تۆ بڵێی ئەمە ئەوە بگەیەنێت کە ژن لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هێشتا زۆرینەکەی کائینێکی موسەیەرە نەك موخەیەر؟

هەڵبەتە بۆخۆم وای بۆدەچم کەئەمە «لە ئێستادا» تارادەیەکی زۆر کەم راستبێت، لەوە تێپەڕناکات کە حاڵەتە نەك مۆرك، هەڵبەتە ژن هەیە بەعەقڵی پیاو بیردەکاتەوە، زۆرجاریش فاکتەر هەن دەبنە هۆکار بۆ ئەمە، پەروەردەی کۆمەڵگە و تێگەیشتنی دەوروبەر و مومارەساتی پیاویشە وادەکات ئەو ژنە ملکەچی بیرکردنەوەیەکی تربێت، هەربۆنمونە لەهەڵوێستە سیاسیەکاندا، بەدیوێکدا ژنەکان ناتوانن «خۆیان»بن لەوەی لایەنگری حزبێك بن، بەدیوەکەی تریدا پیاوەکانیش باوەڕیان بەو سەربەخۆبوونەی ژن نیە و رێگری دەکەن، نمونەشمان کاتی هەڵبژاردنەکان و دەنگدانەکانە، زۆر ژن هەن کە دەنگ دەدەن بە پاڵێوراوێك، خۆیان نارەنجێنن بزانن بۆچی ئەم پاڵێوراوە هەڵئەبژێرن، تەنیا لەبەر ئەوەی مێردی یان برای یان پیاوێکی خێزانەکەی لایەنگری ئەو پاڵێوراوەیە ئیتر تەحسیڵ حاسڵ ئەمیش ئەرکێکی خێزانی بەجێ ئەهێنێت و دەنگی بۆ ئەدات، ئەمەش ئەوە دووپات ئەکاتەوە کە نیوەی دەنگدەر لە کۆمەڵگەی ئێمەدا موسەیەرە نەك موخەیەر، دووەم: نیوەی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان راستگۆنین و، بە بەکارهێنانی مافی راستەقینەی تاك لە سەربەستی هەڵبژاردندا بەکارنایەت و دەرئەنجام پرۆسەی دیموکراسی نیوە و نیوە ناچڵ بەڕێوەش دەچێت. ئەمە بە روونی مانای ئەوەیە کۆمەڵگەی ئێمە — هەروەك لە وتاری پێشووما ئاماژەم پێدا- رێگە بە بیرکردنەوە و بڕیاردانی تاکەکەسی نادات و هیچ بنەمایەکی پەروەردەیی زانستی و دروست راناخات بۆ ئەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە تەنیا تەمسیلی خودی خۆیان بکەن، لەکۆمەڵگەی ئێمەدا هێشتا بڕیاردان و هەڵوێست وەرگرتن پرۆسەیەکی بەکۆمەڵە و، بەداخەوە هەتا ئێستاش شانازی بەم کەلتوورەوە دەکرێت کە کەسایەتی تاك ئەسڕێتەوە و وای لێدەکات لەدواجاردا نەتوانێت خۆی بڕیاری خۆی هەبێت، ئەمەش وەڵامی ئەو پرسیارەیە کە ئایا بۆچی ژن بە عەقڵی پیاو بیرئەکاتەوە. چونکە کۆمەڵگەی ئێمە هێشتا لەو کۆمەڵگە کۆنسەرفاتیڤانەیە کە نەك تەنیا ژن، بەڵکو تاك بەگشتی تاکێکی موسەیەر و ئاڕاستەکراو و بارگاویە و هیچ کەلتوورێکی باوەڕ بەخۆبوون و بەرزڕاگرتنی بەهای تاکمان نییە.

هەڵبەتە ژن دووجار بوەتە قوربانیی ئەم حاڵەتە، چ وەکو تاکێکی ئاسایی و چ وەکو رەگەزێکی سەربەخۆ، بۆیە دواجار ئەو باوەڕە زۆر بەزەقی دێتەگۆڕێ کەگوایا ژن ناتوانێت بە عەقڵی خۆی بیربکاتەوە، بەڵام بەدیوەکەی تریدا: ئایا هیچ ژنێك نییە بتوانێت یان هەوڵی دابێت بەعەقڵی خۆی بیربکاتەوە؟ ئایا ئەو ژنەی کە هەوڵیدابێت بەعەقڵی خۆی بیربکاتەوە هەروا وازی لێهێنراوە و هیچ باجێکی نەداوە؟ یاخود رووبەڕووی چەندین بەربەست و ململانێ و شەڕ و نارەحەتی نەبۆتەوە؟ هەڵبەتە لەباشترین حاڵەتیدا ناوی زڕێنراوە و چەندین قسەی خراپی بەدواخراوە.

پیاو بوونەوەرێکە لە پێکهاتە عەقڵیەکەیدا ویستێکی گەورەی هەیە بۆ سەرکردایەتی، رابەرایەتی و کۆنترۆڵ کردن و بڕیاردان، زۆربەی فاکتەرە دینی و کۆمەڵایەتیەکانیش ئەمەی لە پیاودا چەسپاندوە و پەرەی پێداوە، بۆ نمونە پیاوان زیاتر حەزیان لە بەکارهێنانی کۆنترۆڵی تەلەفزیۆن هەیە، ئەگەر ماڵ یەك کلیلی هەبێت هەمیشە ئەبێت پیاوەکە هەڵیگرێت، ئەگەر یەك ئۆتۆمبیل لە ماڵەکەدا هەبێت، ئەبێت پیاوەکە لێیخوڕێت، کە ماڵەکە کێشەیەکی تێدەکەوێت ئەگەر ئەو خێزانە یەك پیاویشی تیابێت و چەند ژنێك، دواجار ئەبێت چاوەڕێی بڕیاری پیاوەکە بکرێت، ئەگەر ژن ئیش بکات و داهاتی هەبێت، ماڵ و داهاتەکە و سەرچاوەی ئابووری هەر بەناوی پیاوەکەوە دەبێت.. و تاد.

هەڵبەتە ئەمە لەخۆڕا نەهاتۆتە ئاراوە و ئەم کەلتوورە هەروا لەخۆیەوە دروستنەبوە، ئەمە بۆماوەیەکی عەقڵی و فەرهەنگی و پەروەردەیی کەڵەکەبوە و مێژوویەکی لەمێشك و ئەخلاقی کۆمەڵگەدا بۆخۆی دروستکردوە. کەدواجار ژنی کردۆتە کائینێکی گوێگر زیاتر لە قسەکەر، جێبەجێکەر زیاتر لە بڕیاردەر، بەڕێوەبراو زیاتر لە بەڕێوەبەر.

کێ ئەتوانێت ئەم سیستەمە هەڵوەشێنێتەوە و لەجێگەی سیستەمێك دابڕێژێت کە بیرکردنەوەیەکی ئینسانی تیا بەڕێوە بچێت لەجیاتی بیرکردنەوەی پیاوانە یەکجەمسەریەکە کە هەتا ئیستا بەبێ ئەوەی بەخۆمان بزانین ژنانێکیش هەن پیرۆز رای ئەگرن، بە گوێگرتنیان لە خیتابە پیاوانەکان و وتنەوەی و سەردانەواندن بۆ بڕیارەکانیان؟ ئەرکی کێیە و بە چ ئالیەتێك ئەم سیستەمە ئەخلاقی و پەروەردەییە ئەڕووخێت و بەچ میکانیزمێك سیستەمە راستەکە لەجێگای بینا ئەکرێت.

باشترین رێگا ئەوەیە مەشق بە ئینسانەکان بکرێت چۆن بیربکەنەوە، لەوەش گرنگتر چۆن پۆزەتیفانە بیربکەنەوە و فێربن خاوەنی عەقڵی خۆیان بن و هیچ عەقڵێکی تر بەڕێوەیان نەبات، ئەمەش ئیشی رێکخراوە پەیوەندیدارەکانە.

دواجار ئەو پیاوانەشی گوایا داکۆکی لە ماف و ئازادیەکانی ژن دەکەن، خۆشحاڵ دەبن وێنەی ژنێك لەناو قەفەزێکی داخراودا ببینن و شیعری بۆ بنووسن، بەڵام هەرگیز خۆشحاڵ نابن بە تابلۆیەك وێنەی ژنێك بێت قەفەزێکی شکاندبێت و چۆلەکەئاسا بە ئاسماندا بفڕێت، ئاخر جیاوازیەکی زۆر گەورە لەنێوان ئەو دوو تابلۆیەدا هەیە. هەڵبەتە ناڵێم پیاومان نییە داکۆکی لە ژن بکەن، بەڵام ئەو پیاوانەش کە داکۆکی دەکەن ئەو تابلۆیەیان لە هزریاندا هەڵگرتوە کە ژنەکە لەناو قەفەزەکەدا قەتیس ماوە، نەك تابلۆکەی کە ژنەکە قەفەزەکەی شکاندوە و فڕیوە.



ڤینۆس فایەق

دوو هەفتە جارێك دەینووسێت



# خەریکە بارودۆخی سوریا کۆمەڵـــ



# ـــــگەی نێودەوڵەتی گیرۆدە دەکات



لەدوای هەڵویستەکەی ڕوسیا و چین بە بەکارهێنانی ڤیتۆ بۆ ڕێگرتن لەوەی ئەنجوومەنی ئاسایش بتوانێت بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بەرامبەر توندوتیژییەکانی ئێستای سوریا و ڕژێمی ئەسەد وەربگرێت، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گیرۆدەی ئەوەبووە کە چۆن بتوانێت بەشێوازێکی دیکە بڕیارێك وەربگرێت بۆئەوەی گەلی سوریا ڕزگار بکات، ئەم حاڵەتەی ئێستای سوریا، کە لەحاڵەتی پێش ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسین لەساڵی ٢٠٠٣ و تیایدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گیرۆدە ببوو چۆن بڕیارێك وەربگرێت بۆئەوەی ڕژێمی بەعسی عێراق برووخێنێت، ئێستاش هەمان سیناریۆ خەریکە دووبارە دەبێتەوە، ئەوکات بۆ ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن جۆرج دەبلیو بوش وێڕای ڕێگری تورکیا لەکردنەوەی بەرەی باکوور بۆ ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی عێراق و وێڕای نارەزایی زۆربەی دەوڵەتانی یەکێتی ئەوروپا، بەڵام ئازایانە جۆرج دەبلیو بوش توانی هاوپەیمانی ئارەزوومەندانە(Coalition of the willing) پێکبهێنێت و بەبێ گەڕانەوە بۆ بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایش پرۆسەی ئازادکردنی ڕژێمی سەدام حوسێن دەست پێبکەن و گەلانی عێراق ڕزگار بکەن، بۆیە ئێستا کە هەمان سیناریۆی ٢٠٠٣ی عێراق لە٢٠١٢ بەرامبەر ڕژێمی بەعسی سوریا دووبارە دەبێتەوە، هەموو جیهان چاوەڕێی ئەوە لە ئەمریکاو یەکێتی ئەوروپا و تورکیا و زۆربەی دەوڵەتانی ئەندامی کۆمکاری عەرەبی دەکەن هەڵویستی هاوشێوە وەربگرێت و چیدیکە قەتلوعامەکانی ڕژێمی ئەسەد قبوڵ نەکەن و دەستبەردار

**زۆربەی هێزە دەرەکییەکان گەیشتوونەتە ئەو دەرئەنجامەی کە بەتێپەڕبوونی کات موعارەزەی سوری سەرکەوتوو دەبێت و ڕژێمەکەی ئەسەد کۆتایی هاتووە**

بکەن، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە و ترسناکی بارودۆخی ئێستای سوریا، پرسیارمان لەپرۆفیسۆر مستەفا عەلەوی محەمەد سەیف ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆی قاهیرە کرد و سەبارەت بەبارودۆخی ئێستای سوریا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن: (بەڵێ بارودۆخی ئێستای سوریا مەترسیداترین و هەستیارترین هەل و مەرجە بە بەراورد بەو وڵاتانەی دیکە کە شۆڕشیان تێدا بەرپابووە، یەکێك لەهۆکارەکانی ئەوەی کە ئێمەی بەم دەرئەنجامە گەیاندووە، درێژی کاتەکەیە، کە ئەوە زیاتر لەساڵێکە ئەو بارودۆخە لەسوریادا درێژەی کێشاوە و هێشتا کۆتایی نەهاتووە، هەروەها یەکێکی دیکە لەئاماژەکان ئاستی توندوتیژیە، کە بەرزترین ئاستی توندوتیژی لەسوریادا هەیە بە بەراورد بەوڵاتانی دیکە، لەنێویاندا لیبیا، کەواتە درێژی کاتەکە و ئاستی توندوتیژیەکە پێوەرن. هەروەها هەل و مەرجی سوریا ڕەهەندی دیکەشی هەیە کە وایکردووە سوریا جیاوازتر بێت، ئەویش

**ئەسەد شەڕ دەکات و موعارەزەی سوریش دەبێتە هێزێکی شەڕکەر**

بوونی ئەو کەسانەیە کە تا ئێستا پشتیوانی ڕژێمەکەی ئەسەد دەکەن، کە بۆتەهۆی ئەوەی ناکۆکی سوریا مەترسیدارتر بێت بە بەراورد بەمیسر، یەمەن، لیبیا یاخود تونس، ئەمەش وایکردووە ئەوەندە درێژە بکێشێت و ئەو ژمارە زۆرەی خەڵك بکوژرێت و بریندار ببێت کە زیاتر لەو ژمارەیە لەوڵاتانی دیکەی عەرەبدا. لەبەر ئەوە ئاکامی شۆڕشەکە ئەوە دەبێت کە کۆمەڵگە و سیاسەت لەسوریا گۆڕانی قوڵتر بەخۆیانەوە دەبینن بە بەراورد بەوڵاتانی دیکەی عەرەبی. لەمەش سەیرتر مامەڵەی نێودەوڵەتییە لەگەڵ قەیرانەکەدا، هێشتا درکیان بەوە نەکردووە ئەم قەیرانە بەئاشتیانە کۆتایی نایەت. هەر بۆیە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی



هەڵوێستی جیاوازی گرتۆتەبەر لەئاست سوریادا، بە بەراورد بەهەڵوێستیان لەئاست لیبیـادا، هۆکارەکەش ئەوەیە ڕوسیـا و چین ئەندامی هەمیشەیی ئەنجوومەنی ئاسایشن، هەردوو ئەم وڵاتەش پێوەندیی باشـیان لەگەڵ سـوریادا هەیە، سوریا تاکە وڵاتی عەرەبیـە پێوەندی ئیجابی و قووڵی هەبێت لەگەڵ ڕوسیـادا، بۆیە ئەگەر سـوریای لەدەسـت بچێت، ئەوا گرفت بۆ ئامادەیی و کاریگەری ڕوسیا دروست دەبێت لەجیهانی عەرەبیدا، سوریا دوا پەناگەی ڕوسـیایە، هەروەها ئەمە گەمەی نێوان ڕوسیا و چینە لەبەرامبەر ئەوانی دیکەدا)).

**ئەسەد بەئاسانی دەستبەرداری دەسەڵات نایێت**

ئەگـەر بۆچوونی چاودێـران بەوجۆرە بێت ئەسـەد بەئاسـانی واز لەدەسەڵات ناهێنـێت و وەك داود ئۆغلـۆی وەزیری دەرەوەی تورکیا ئاماژەی پێکرد، ئەسەد لاسـایی میلۆسـۆڤیچ دەکاتەوە، ئەوە ئەو لایەنە ڕاستە کە سـەرەنجام ئەسەد لەدادگای نێودەوڵەتی تاوانەکانی جەنگ خـۆی دەبینێتەوە، بەڵام سـوریاش لەم قۆناخـەدا لەچاوەڕوانـی بارودۆخێکی خوێنـاوی دەبێت، سـەبارەت بەم لایەنە پرۆفیسـۆر جۆشـۆ لاندیز ئوسـتادی سیاسەت و سەرۆکی سەنتەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت لەزانکـۆی ئۆکلاهۆما و تایبەتمەند لەسەر سیاسەتی سـوریا لەلێدوانیکی تایبەتی بۆ گوڵان بەمجۆرە لەسـەر ئەم لایەنە هەڵوەستەی کردو وتی: (بەشار ئەسـەد لەبەر ئەوەی دەیەوێت حکومڕانی وڵاتەکە بەو شێوەیە بکات کە سـەددام حوسـێن لەڕابردوودا کردی، هەروەها کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەڕوونی گوزارشـتی لەوە کـردووە کە

**کۆمەڵگە و سیاسەت لەسوریا گۆڕانی قوڵتر بەخۆیانەوە دەبینن بە بەراورد بەوڵاتانی دیکەی عەرەبی**

**چاوەڕێی ئەوە دەکرێت بە زەبری هێز ئەسەد لەدەسەڵات لابەرێت و ڕووخانی ڕژێمی ئەسەدیش کاریگەریەکی گەورە و بەهێزی دەبێت**

خوازیاری ئەوەنییە بەچەشـنی عێراق، یان لیبیا، دەستێوەردان لەسوریادا بکەن، ڕەنگـە موعـارەزەی سـوری چەکدار بکەن، بەڵام فڕۆکەی جەنگی نانێرن بۆ بۆردومانکردنی سوپای سوریا. بۆیە ئەمە پێمان دەڵێت، ئەسـەد بەشێوەی ئاشتیانە واز لەدەسەڵات ناهێنێت. هەربۆیە ئەگەر سـوریا هەمان ڕێچکەی عێراق و لوبنان و فەلەستین بگرێت، ئەوا هێورکردنەوەی دۆخەکە، لەڕووی پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ و کۆتایی هێنان بەشـەڕ و دووبارە گەڕانەوەی سـەقامگیری بۆ سـوریا چەندین سـاڵ دەخایەنێـت، کە ئەمەش ڕێگایەکی سەخت و دژوار و دووروودرێژ دەبێـت، کە هەمـوو عێراقیـەك ئەمە دەزانێـت. کەواتە من پێشـبینی دەکەم ئەسەد شـەڕ بکات، لەبەر ئەوە پێموایە دەبێت موعارەزەی سوری ببێتە هێزێکی شەڕکەر، واتە سەرکردایەتی یەکگرتووی هەبێت و توانای تێکشـکاندنی ڕژێمی سـوریای هەبێت، ئەمەش زۆر زەحمەتە، لەبـەر ئەوەی ئـەوە ئەمریـکا بوو کە سەددام حوسـێنی لەعێراقدا تێکشکاند نەك موعارەزەی عێـراق. ئەمە لەگەڵ ئـەوەی دەسـتکراوە بەپێدانـی چەك بەموعارەزەی سـوری، پێموایە وڵاتانی وەك سعودیە، تورکیا و لوبنان پارەی زیاتر و چەکـی زیاتر ئەنێرن بۆ موعارەزە، کە زیاتر و زیاتر بەهێـز دەبن، لەبەر ئەوەی ئێستا بەسـوپایەکی بچوکەوە توانیویانە دۆخەکە لەحکومەتی سوری بشێوێنن و دەست بەسەر ناوچەیەکی گەورەدا بگرن، ڕاستە بۆ هەمیشە نییە، بەڵام ڕوونە کە حکومەتەکە زۆر زۆر لاوازترە و ئێستاش خەڵکـی سـنووری ئەو وڵاتـە دەبڕن، ڕۆژنامەنووسـەکان، قاچاغچیەکان و چەکـدارە بیانیەکان، کە ناتوانێت هاتنی ئەم پارە و چەکە ڕابگرێت)).

جۆشۆ لاندیز ڕاشکاوانە جەخت

لەســەر ئەوە دەکاتەوە بارودۆخی سوریا بــەرەو خراپتــر هەنــگاو هەڵدەگرێت، ئەمەش مانــای ئەوەیە باری گوزەرانی هاووڵاتیانیش ڕۆژبــەڕۆژ بەرەو خراپتر دەچێت و ڕژێمی ئەسەد گەمارۆ دەخاتە ســەر ئەو ناوچانەی ئاڵۆزیان تێدەکەوێت یان لەژێر دەســتیان نامێنن، بۆیە مەزندە ناکرێت بارودۆخە بەبێ ڕووخانی ڕژێمی ئەســەد هێور بێتەوە، سەبارەت بەم لایەنە پرۆفیسۆر مســتەفا عەلەوی لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان بەمجۆرە لەســەر ئەم لایەنە قسەی کردو وتی: (وازهێنانی ئەسەد لەدەسەڵات ئەگەرێکی بەهێز نییە، بەبێ ئەوەی هیچ ئاکام و کاریگەریەکی هەبێت لەسەر ئایینددا، چونکەی ئەوەی ئەو لەگــەڵ خەڵکەکەیدا کردویەتی ئەو سنوورەی تێپەڕاندووە کە زۆرینەی خەڵک قبوڵی بکات. شەمەندەفەرەکە بەڕێکەوتووە و زەحمەتە بۆ ئەوە بتوانێت پێشنیارەکەی ڕوســیا قبوڵ بکات و بەســەلامەتی و بەئاشتی دەسەڵات جێبهێڵێت. بۆیە ئێستا زیاتر چاوەڕێی ئــەوە دەکرێت بە زەبری هێز ئەسەد لەدەسەڵات لاببرێت، ڕووخانی ڕژێمی ئەسەدیش کاریگەریەکی گەورە و بەهێــزی دەبێت، لەبەر ئەوەی ســوریا لیبیا نییە، پێگەی جوگرافی و گرنگی ستراتیجی سوریا وەك لایەنێکی سەرەکی ناکۆکــی عەرەب-ئیســرائیل. و یەکێك لەگرنگتریــن ئەو وڵاتانە لەسیاســەتی نێوان وڵاتە عەرەبیەکاندا و لەڕابردووشدا چەندین جار کێشــەی هەبــوو لەگەڵ عێراقدا، لەســەردەمی سەددام حوسێندا، هەروەهــا هەمیشــە ســوریا لایەنێکی ســەرەکی بووە لەهەر پرسێکی پەیوەست بەعەرەبەوە و لەناوچەی شامدا کە نزیکە لەناکۆکی عەرەب-ئیســرائیلەوە، کەواتە ڕووخانی ڕژێمی ئەســەد کاریگەریەکی گەورەتری دەبێت بە بەراورد بەتونس یان لیبیا)).

کەواتە ئێستا ئاراستەی ڕووداوەکان بەرەو ڕووبەڕووبوونەوەیــە و هەموو چاودێران پێشبینی شــەڕ دەکەن، ســەبارەت بەم ڕووبەڕووبوونەوەیەو جۆشۆ لاندیز لەدرێژەی لێدوانەکــەی بۆ گــوڵان بەمجۆرە ئەم لایەنەی خســتەڕوو: (دەبێت ڕووبەڕووی سوپاکەی ئەســەد ببنەوە، پێموایە ئەمە زیاتــر و زیاتر بەرەو شــەڕێکی تائیفی دەچێت، کە موعارەزەی سوننی داوا لەو ســوننانە دەکات کە لەناو حکومەتەکەدا کاردەکەن بۆئــەوەی دژی حکومەتەکە بجەنگن، کە ئەمەش دەگۆڕێت بۆ کێشە و شــەڕی نێوان عەلەوی و ســوننەکان، بەچەشــنی عێراق کە دوو ساڵی خایاند تا شــەڕی ناوخۆ هەڵبگیرســێت، واتە شەڕەکە دەستی پێنەکرد تاوەکو زەرقاوی مزگەوتی ئەل عەسکەریەی نەتەقاندەوە، کە دواتر توندوتیژیەکە هەڵکشا، پێموایە ئەوەی لەســوریادا دەیبینن سەرەتایە، کە سوننەکان لەحکومەتی سوری جیادەبنەوە و ئەمەش زیاتر و زیاتر دەبێت و دەبێتەهۆی لاوازکردنــی ڕژێمی ســوریا. هەربۆیە من بێ ئومێــدم لەبڕیاری نێودەوڵەتی و باوەڕم وانییە ئەم بڕیارە دەربکەن، پێموایە زۆربەی هێزە دەرەکیەکان گەیشــتوونەتە ئەو دەرئەنجامەی کە بەتێپەڕبوونی کات موعارەزەی ســوری ســەرکەوتوو دەبێت و ڕژێمەکــەی ئەســەد کۆتایی هاتووە، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ڕایگەیاندووە ئەسەد کەسێکی مردووە و بەڕێدا دەڕوات، وەزیری بەرگــری ئیســرائیل، ئەیهود بــاراك ڕایگەیاند لەماوەی دوو هەفتەدا ســوریا دەڕووخێت، ســەرۆکی ئیخوان موسلیمینی سوریا، ڕایگەیاند لەماوەی سێ مانگدا دەڕووخێت، زۆرێك لەخەڵك و هەموو ســەرکردە و ســەرۆکی وڵاتە دەرەکیــەکان دەڵێن ئەســەد لەمانگێکدا دەڕووخێــت، باوەڕم وانییە ئەوە ڕاســت بێــت، بەڵام باوەڕم وایــە کە دەڕووخێت، واتە گەیشــتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە بەبێ هاوکاری ئــەوان دەڕووخێت، لەبەر ئەوە پێویســت ناکات دەســتێوەردان لەم شەڕە ناوخۆییە سەختەی سوریادا بکەن، چەك دەنێرن و پــارە دەنێرن بۆ هاوکاری کردنی موعارەزەی سوری، بەڵام فڕۆکە و سوپا نانێرن بۆ ڕووخاندنی ڕژێمەکەی ئەسەد، بەچەشنی ئەوەی لەعێراقدا، یان لەلیبیادا کردیان. واتە پێیانوایە بەشێوەیەك لەشێوەکان ئەسەد دەڕووخێت، لەم ڕووەوە باوەڕیان وایە دەتوانن بەهەر شێوەیەك بێت ئامانجەکانیان بەدەست بهێنن. وەك برهان غلیون سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانی سوری ڕایگەیاند کە سوریا ناچێتەشەڕەوە لەگەڵ ئیســرائیلدا و هۆکاری توندوتیژ و مقاوەمــە ناگرێتەبەر بۆ گەڕاندنەوەی بەرزاییەکانی جــوڵان، ئەمە گۆڕانێکی گەورەیە بۆ ناوچەکە. ئەمەش لێدوانێکی ئیجابیــە بــۆ ئــەوەی خەڵــك کەمتر لەئایندەی سوریا بترسێت)).



مستەفا عەلەوی بۆ گوڵان:


## بارودۆخی ئێستای سوریا مەترسیداترین و هەستیارترین هەل و مەرجە بە بەراورد بەو وڵاتانەی دیکە کە شۆڕشیان تێدا بەرپابووە



جۆشۆ لاندیز بۆ گوڵان:

## سوریا لەچاوەڕوانی بارودۆخێکی خوێناوی دایە و ئەسەدیش خۆی لەدادگای تاوانەکانی جەنگ دەبینێتەوە

ئیللۆت ئەبرام گەورە تۆژەری CFR بۆ گولان:



# دەبێت ئەمریکا و یەکێتی ئەوروپا و تورکیا و کۆمکاری عەرەبی بڕیارێک بدەن و چیتر باری ئێستای سوریا قبوڵ نەکەن

ئیللـــۆت ئەبرام گەورە تۆژەری دیراســـاتی ڕۆژهەڵاتـــی ناوەڕاســـت لەئامـــۆژگای بەناوبانگـــی ئەنجوومەنـــی پێوەندییەکانی دەرەوە، پێشـــتر جێگری یاریدەدەری سەرۆك و ڕاوێـــژکاری ئاسایشـــی نێوەدەوڵەتی بووە لەئیدارەی جـــۆرج دەبلیو بوشـــدا، هەروەها سەرپەرشـــتیاری سیاســـەتی ئەمریکابـــووە لەکۆشـــکی ســـپی، هەروەها لەساڵی ٢٠٠١ هەتـــا ٢٠٠٥ بەڕێوەبـــەری ئەنجوومەنـــی ئاسایشـــی نیشـــتمانی(NSC) بـــووە بۆ دیموکراتـــی و ڕیکخـــراوە نێودەوڵەتیەکان و مافەکانی مرۆڤ، پرۆفیســـۆر ئەبرام ئێستا لەئەنجوومەنی پێوەندیەکانی دەرەوە (CFR) گەورە تۆژەرە لەســـەر سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت و تایبەتمەند لەسەر سوریا، ئێمە وەك گۆڤـــاری گـــوڵان داوای لێدوانیکـــی تایبەتمـــان لەئەنجوومەنـــی پێوەندییەکانی دەرەوە کرد لەسەر سوریا، بەسوپاسەوە ڕاچیل ســـتیار (Rachel Steyer) یاریـــدەدەری تۆژەران لەئەنجوومەنی پێوەندیەکانی دەرەوە، پرسیارەکانی ئێمەی ئاراستەی گەورە تۆژەری دیراســـاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـت ئیللۆت ئەبرام کردبوو، ئەمەش دەقی وەڵامی فەرمی پرۆفسیۆر ئەبرامە بۆ گوڵان:



دیکی چینی
ئیلڵۆت ئەبرامز

**ڕوسیا توانی کارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش پەکبخات. بەڵام ناتوانێت ئیرادەی هاوپەیمانی کە لەلایەن زۆربەی دەوڵەتانی کۆمکاری عەرەبی و دەوڵەتانی ڕۆژئاوا هەیە پەکبخات**

*** ئایـــا بەڕای بەڕێزت ڕژێمی ئەســـەد دەتوانێت چی بکات، یان بەواتایەکی دیکە ئایا دەتوانێت بە بەردەوامبوونی توندوتیژیی ڕاپەڕینەکە دابمرکێنێتەوە؟**

- بەشـــار ئەســـەد تەنیـــا ڕێگـــەی لەبەردەمدا مـــاوە بۆ ئەوەی بتوانێت درێژە بەدەسەڵاتەکەی بدات، ئەویش بەکارهێنانی هێزێکی گەورەیە کە دڕندانە ڕووبەڕووی گەلەکـــەی بێتـــەوە، ڕژێمـــی ئەســـەد بەتەواوەتی شـــەرعیەتی لەدەســـت داوەو زۆرینەی خەڵکی سوریا داوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد دەکەن.

*** لەم هاوکێشـــەیەدا ڕۆڵی ڕوســـیا زۆر گرنگـــە، لەبەر ئەوەی، ئەوەی ئەســـەدی هێشتۆتەوە هەڵوێســـتی ڕوسیایە، هەندێك دەڵێن ڕوسیا دەیەوێت ئەسەد بەئاشتیانە واز لەدەسەڵات بهێنێت، ئایا ڕوسیا ئەمەی بۆ دەکرێت؟**

- وەك چەندین جـــاری دیکە، کاردانەوەی کۆمەڵگـــەی نێودەوڵەتـــی ئـــەم جارەش بەرامبەر ســـوریا زۆر هێواش و لەسەرخۆ بوو، ئێســـتا وەك دەبینن ئاستی قوربانیان و نەهامەتیـــەکان ڕوو لەهەڵکشـــانە و زیاتر هەڵکشـــا پێش ئەوەی خەڵك بتوانن کاردانەوەیـــان هەبێـــت، لـــەم بارودۆخەدا کاردانـــەوەی نەتـــەوە یەکگرتـــووەکان و هەوڵەکانـــی بۆ ڕاگرتنی ئەو توندوتیژیانە لەلایەن ڕوســـیای هاوپەیمانی ســـوریاوە پەکخران.

کاردانەوەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زۆر زۆر هێواشن، هەروەك هەمیشە وا پێویست دەکات ڕێژەی کـــوژراوان و ئازارەکان زۆر زیاتر گەشـــە بکات بۆ ئـــەوەی لایەنەکان دەســـت بەکاردانەوە بکـــەن. هەروەها لێرەدا کارەکانی نەتـــەوە یەکگرتووەکان دواخراوەو بەستێنراوە لەلایەن ڕوســـیای هاوپەیمانی



سورياوە.

*** بەڵام بێجگە لەڕوسیا هەموو جیهان لەو قەناعەتەدان کە ڕژێمی ئەسەد ناتوانێت چاکسازی بکات، ئایا چۆن دەتوانرێت هاوکاری گەلی سوریا بکرێت لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی؟**

- ڕوسیا توانی کارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش پەکبخات، بەڵام ناتوانێت ئیرادەی هاوپەیمانی کە لەلایەن زۆربەی دەوڵەتانی کۆمکاری عەرەبی و دەوڵەتانی ڕۆژئاوا هەیە پەکبخات، ڕوسیا ئێستا دەتوانێت ڕۆڵێکی باش ببینێت بۆئەوەی بەشار ئەسەد واز لەدەسەڵات بهێنێت، بەڵام بەداخەوە هەتا ئێستا هیچ هەوڵێکی ڕوسیامان بەو ئاراستەیە بەدی نەکردووە.

*** کەواتە مەسەلەی دەستێوەردانی نێودەوڵەتی هێشتا دەکرێت باسی لێوە بکرێت، مەبەست ئەوەیە هێشتا بەو ئاستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نائومێد نەبووە؟**

- پێموایە دەستێوەردان یان کاردانەوەی نێودەوڵەتی کە تەعبیر لەدەنگ و ئیرادەی UN و زۆربەی بکات بوونی نابێت، بەڵام پێشبینی دەکرێت بڕیارێك لەلایەن چەند وڵاتێکەوە دەربچێت کە چیتر توندوتیژییەکانی ڕژێمی ئەسەدیان پێ قبوڵ ناکرێت، ئەمەش بێگومان هەریەك لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، یەکێتی ئەوروپا، کۆمکاری عەرەبی و تورکیا دەگرێتەوە.

**بەکارهێنانی هێزێکی گەورەی درندانە تاکە ڕێگەی بەردەم مانەوەی بەشار ئەسەدە**

*** ئەی سەبارەت بەهاوکاری نێودەوڵەتی بۆ ئۆپۆزسیۆن، ئایا کاتی ئەوە نەهاتووە بەجددی هاوکاری ئۆپۆزسیۆنی سوریا بکرێت؟**

- بەبۆچوونی من ئێستا کاتی ئەوەیە کە یارمەتی ئۆپۆزسیۆنی سوریا بدرێت نەك تەنیا بەقسە، بەڵکو بەیارمەتیەکی کۆنکریتی پتەو کە بریتی بێت لەچەك و پارە. ئەوان ناتوانن بەقسەو ئومێدە باشەکانی ئێمە بەرگری لەخۆیان بکەن.

*** پتر لەدوو ملیۆن کورد لەسوریا هەن کە تەنانەت ڕەگەزنامەشیان نییە، هەروەها موعارەزەی سوریا بەرنامەیەکی ڕوونی نییە لەبارەی مافی کوردەکانەوە، ئایا ئەگەری ئەوە هەیە ڕژێمی سوریا کوردەکان بەکار بهێنێت؟**

- زۆر ئاساییە، بەشار ئەسەد بێ دوودڵی هەریەك لەمەسیحیەکان، دروزیەکان و کوردەکان بەکاربێنێت لەپێناو زیاتر خزمەتکردنی بەرژەوەندیەکانی، بەڵام من ئومێدەوارم هەموو کەمایەتییەکان ئێستا لەگەڵ یەکتری بکەونە ئاخاوتن و بەرەیەکی یەکگرتوو پێکبهێنن و داوای نەمانی ئەسەد بکەن و هەر حکومەتێکی جێگرەوەش (لەوانەیە بە ڕابەرایەتی سوننیەکان بێت) بێگومان دەبێت پەیمان بەخۆی بدات کە گوزارشت لەمافی کەمایەتییەکان بکات.

**کاتی ئەوەیە کە یارمەتی ئۆپۆزسیۆنی سوریا بدرێت نەك تەنیا بەقسە. بەڵکو بەیارمەتیەکی کۆنکریتی پتەوە**

*** تا چ ڕادەیەك گۆڕانی ڕژێمەکەی ئەسەد کاردانەوەی لەسەر تەواوی ناوچەکە دەبێت؟**

- ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد دەستکەوتێکی گەورەیە بۆ خەڵکی سوریا و شکستێکیشە بۆ هاوپەیمانەکانی ئێستای سوریا. بەتایبەتی ئێران دوای ڕووخانی ڕژێمی ئەسەد بەوجۆرەی ئێستا گەشە بەخۆوە نابینێت و حزبوڵڵاش ئەو ڕێژەوەی لەدەست دەچێت کە تاوەکو ئێستا سەرچاوەی هێز و چەکەکانی بوو.

## زیا شەکەرچی سیاسەتمەدار و شرۆڤەوانی سیاسیی بۆ گوڵان:

# هەتا ئەم خولی هەڵبژاردنە کۆتایی دێت کێشە سیاسییەکانی عێراق چارەسەر نابن

# ڕێککەوتنی هەولێر پێویستە مەرجەعی هەموو لایەک بێت

**زیا شـەکرچی بێجگەلەوەی یەکێکە لەسیاسـی و شـرۆڤەوانە سیاسـیەکانی عێراق، وەك تۆژەرە و ڕۆشنبیرێکی دیموکراتی لە سـەر ئاسـتی عێراق ناسراوە، هەربۆیە بۆچوونەکانی راشـکاوانە و هەڵوەستە کردنە بەووردی لەسەر کرۆکی کێشـەکان، بۆقسەکردن لەسەر باردۆخی ئێستای عێراق و ئەو ئاستەنگانەی هاتونە بەردەم پرۆسەی سیاسی عێراق، پەیامنیری گوڵان ئەم وتووێژەی لەگەڵ ئەم شرۆڤەوان و سیاسەتمەدارە ئەنجامداوە کە ئەمە دەقەکەیەتی:**

*** دیمەنی سیاسی عێراقی چۆن دەخوێنیتەوە لە ڕۆشنایی نەگەیشتنی قەوارە سیاسییەکان بـۆ ڕێککەوتنێکی هاوسـەنگ کە مایەی ڕاستکردنەوەی ئاڕاستەی پرۆسە سیاسییەکە بێت؟**

- ئەمە پرسیارێکە لەسەر واقیعەکە و ڕابردوو و ئێستاش دەگرێتەوە، پرۆسە سیاسییەکە هەر لە بنچینەوە لەسەر بناغەی نادروست بونیادنراوە و زۆر بەداخـەوە وێڕای ئەم ئەزموونە تاڵەی دەبینین، بەڵام سیاسـەتوانەکان لەسەر هەمان شـێوازی خۆیان پێدادەگـرن، تاکو ئەمرۆش لەسـەر بنەمای یەك بۆچوون و یەك دەنگ مامەڵە لەگەڵ سیاسـەت دەکەین نەك لەسەر بنەمای فرەیی سیاسـیی وەك سیاسەت نەك وەکو ئایین یان مەزهەب.. تاد. ئەم دابەشبوونانە لەسـەر بنەمای تایفەگەری یاخود لەسـەر بنەمای ناسـنامەی ڕێژەیی، وڵات دروست ناکات، بەڵکو وێرانی دەکات، لەتوانایاندا نییە لەم قەیرانە دەرچن، ئەمـە وایکردووە هەموو هیوامان لەسـەر ئەوە چڕبکەینەوە کە پرۆسە سیاسـییەکە لەئاییندەدا پێبگات و توێژێکی نوێ یاخود توێژێکی سیاسیی نوێ بێتەئاراوە کە بـاوەڕی بە مافـی بەهاووڵاتیبوون و بە مرۆڤایەتی و بـە «عێراق» وەکو «عێراق» هەبێـت. هەروەهـا زۆر پێویسـتە بگەینە ئەو ئاسـتەی کە تیایدا سیاسـەتوان هەست بەوە بـکات کە نوێنەرایەتیـی هاووڵاتیانی «عێراق» و بۆچوونەکانیان دەکات، نەك تەنیا نوینەرایەتـی لایەنێکی دیاریکراو بکات، ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لای سیاسەتوانی عێراقی بوونی نییە هەرچەندە هەندێك جار بە درووشم بانگەشەی بۆ دەکرێت.

*** قەوارە سیاسییەکان لە یەکتری رازی نین، بۆنموونـە «دەوڵەتی یاسـا» و «عێراقیە» بـەڕای تۆ قـەوارە سیاسـییەکان چییان لە یەکتری دەوێ؟**

- ململانێـی ئێسـتای نێـوان پێکهاتەکان، ململانییە لەسـەر دەسەڵات،ئەگەر ئەم لایەنە سیاسیانە لەسەر بەرنامەی سیاسی ململانێیان هەبوایە، ئەوە هـەر لایەك ئەولەویەتی خۆی دەخستە ڕوو و جیاوازی بیرو سەرنجی خۆی ئاشـکرا دەکرد، بەڵام مەسـەلەکە شـەڕی دەسەڵاتە لەسـەر ئەوەیە دەسەڵات لەدەستی شـیعە بیت یان سـونە،لەم حاڵەتە ئەمە پێی ناگوترێـت ململانێی سیاسـی، بەڵکو ئەم ململانێیەکـی هەرزەکارانەیـە، لەبەر ئەوەی ململانێی سیاسـی لەسەر بنەما و تێڕوانینی سیاسـی بونیاد دەنرێت نەك لەسەر بنەمای ئینتیمـا بۆ ئەم مەزهەب یـان ئەوی دیکە، لێرەیشـدا دووبارەی دەکەمەوە و دەڵێم کێشەکە لێرەدایـە و بوونی هەیـە بوونی دەبێت تا ئەو کاتـەی سیاسـەتمەدارەکانمان دەگەنـە ئەو قەناعەتەی وەك عێراقی و لەسـەر بنەمای هاووڵاتیبوون بیر بکەنەوە، ئەو کاتە بەرنامەی سیاسیشـیان دەبیـت، بۆنموونە لـە وڵاتە پێشـکەوتووەکاندا پارتی سیاسی هەن بایەخ بـە ژینگـە دەدەن و هاوپەیمانێتییان لەگەڵ پارتەکانـی دیکە نییە تەنیا لـەو حاڵەتانەدا نەبێت کە مەرج لەسـەر پارتەکانی بەرامبەر دانێن – بۆنموونە هێڵی سـوور هەیە لەبارەی ژینگە و ناکـرێ ببەزێندرێت – بۆیە ئەگەر لەگەڵیان نەگونجـا هاوپەیمانێتییان لەگەڵ گرێنـادەن، یاخود پارتی سیاسـی هەیە کە بایەخ بـە دادی کۆمەڵایەتی دەدات لەگەڵ بەرزکردنەوەی ئاسـتی گوزەرانـی هەژار و

> **پرۆسە سیاسییەکەی عیراق هەر لە بنچینەوە لەسەر بناغەی نادروست بونیادنراوە**



کەمدەرامەتەکان، ئەو جۆرە پارتە سیاسییانە لەم ڕووەوە دید و تێڕوانینیان هەیە لەبارەی چۆنیەتی دابەشکردنی هاوکارییەکانی چاودێریی کۆمەڵایەتی یاخود لەڕووی باجەکان و .. تاد. بۆیە لەسەر ئەو بنەمایە مەرجەکانی دادەنێت.

*** بەڕای تۆ سیاسەتوان و قەوارە سیاسییەکان چەمکی «دەوڵەت»یان ونکردووە یاخود هەوڵدەدەن ونی بکەن؟ یانیش ئەوەیە کە ئەوان بە هیچ شێوەیەك لە چەمکی «دەوڵەت» هەر تێناگەن؟**

- ئەوە بەلای منیشەوە ئاشکرایە کە سیاسەتوانەکان لە چەمکی «دەوڵەت» تێناگەن، کاتێك کە هەندێك لە سیاسەتوانەکان باسی دەوڵەت دەکەن، هەست دەکەین دەوڵەت و دەسەڵات تێکەڵ دەکەن، بەتایبەتی لەگەڵ دەسەڵاتی جێبەجێکاری واتە لەگەڵ حکومەت، وەك ئەوەیە بڵێی دەوڵەت واتای دەسەڵاتی حکومەت دەگەیەنێت، ئەمەش کێشەیە کە سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکاری توانای نەبێت بۆ جیاوازیکردن لەمڕووەوە، خۆی پێویستە خاوەن پۆست و پێگە باڵاکانی بەڕێوەبردنی دەوڵەت تێگەیشتنیان هەبێت لەسەر تێگەیشتنە سەرەتاییەکانی سیاسەت، ئەمەش تێگەیشتنی سەرەتایی چەمکەکانی سیاسەتە، بەڵام ئەوان لە چەمکی وڵات و دەوڵەت تێناگەن و تێکەڵی دەکەن، ئەمەش لەڕاستیدا خۆی کێشەیە،بۆیە دووبارەی دەکەمەوە و دەڵێم من چۆن دەتوانم دەوڵەت بونیاد بنێم ئەگەر بێت و لەسەر بنەمای ئینتیمام بۆ مەزهەبێك بیربکەمەوە واتە مەزهەب بگۆڕم بۆ نەتەوەی شیعە یاخود نەتەوەی سوننە؟ نابێ بەم شێوەیە بێت لەبەرئەوەی توخمی «جێگیر» لە چەمکی «دەوڵەت» هەیە لەوەی زیاتر کە تەنیا پەیوەست بێت بە دەسەڵات، حکومەت لە سیستەمی دیموکراسیدا توخمێکی «گۆڕاو»ە، مەبەستم لەوەدایە کە توخمی جێگیر لە چەمکی دەوڵەت هەیە و ئەوە ڕاستە کە بەشێوەیەکی ڕێژەیی گۆڕاوە، بەڵام هاوکات لە دەوڵەت توخمی جێگیر و هەروەها توخمی گۆڕاویش هەیە، دەوڵەت و دەستوور توخمی جێگیرن، لەکاتێکدا حکومەت و دەسەڵاتەکانی جێبەجێکاری و یاسادانان، توخمی گۆڕاون و بەبەردەوامیش دەگۆڕدرین، بۆیە کاتیك سیاسەتمەدارەکانی ئێمە جیاوازی لەنیوان توخمی نەگۆڕ و گۆڕاو نەکات و نەزانێت کامیان جێگیرەو کامیان گۆڕاوە، هەروەها جیاوازی لەنێوان دەوڵەت و حکومەت نەکات، ئەوا بەپێی تێڕوانین و دیدی خۆی لە چەمکی دەوڵەت و حکومەت تێدەگات، بەداخەوە ئەمەیە کێشەی سیاسەتوانەکانمان و ئەوان خاوەن ئەم کولتوورەن.

**نامتمانەیی لەنێوان لایەنەکان بەربەستێکی گەورەیە لەبەردەم دیالۆگ**

*** بەڕای تۆ بۆچی دوورکەوتنەوە هەیە لە مێزی دیالۆگ لەکاتێکدا باشترین ڕێگەچارەیە بۆ سەقامگیربوونی وڵات، لەبەرئەوەی دەبینین دیالۆگ سەکۆی سیاسەتوان و لایەنە سیاسییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوایە؟**

- بەداخەوە ململانێ لە «عێراق» بەپێی عەقلییەتی بۆسەدانان و پیلاندارشتن بەڕێوەدەچێت، ئەمەش بۆتە هۆی نەمانی متمانە لەنێو لایەنەکان، نامتمانەیی لەنێوان لایەنەکان بەربەستێکی گەورەیە لەبەردەم دیالۆگ، هەروەها لەوانەیە تارادەیەك پابەندنەبوونیش لەئارادا هەبێت بەشێوەیەك کە لایەنەکان کۆدەبنەوە و دانوستان دەکەن و

**ئێمە تاکو ئەمڕۆش لەسەر بنەمای ناسنامە مەزهەبییەکان مامەڵە لەگەڵ سیاسەت دەکەین نەک لەسەر بنەمای فرەیی سیاسیی**

ڕێکدەکەون لە پاشان یەکێك لە لایەنەکان یاخود لایەنی بەرامبەر پابەند نابێت بەو شتانەی کە لەســەری ڕێککەوتوون و ئەم شتەش قەیرانی نامتمانەیــی قووڵتر دەکاتـــەوە، هەڵبەتە ئەوە شــتێکی ئاســاییە کاتێك کێشــە و ناکۆکی ڕوودەدات و هەندێك لایەن هەن دەســتێوەردان بکەن بۆ چارەســەرکردنی کێشەکان، هاوکات ئەوە شتێکی ئاســاییە کە جیاوازی لە بیر و بۆچوونەکان هەبێت لەنێــوان لایەنەکان، بۆیە کاتێك کە جیــاوازی لەئــارادا هەبێت، ئەوا کاتێك بیانەوێت دانوستان بکەن، ئەوە پێویستە لایەنەکان لەســەر بنەمــای جیاوازییەکانیان ئامادەباشییان تێدا هەبێت نەرمونیانی بنوێنن و سازشــکردنیان هەبێت، بەڵام بێت و هەموو لایەنێــك پێیوابێت کە ئەوە نیشــانەی هێز و ئازایەتییە کە چنگ لە داواکارییەکانی بگرێت و پێداگری بکات لەسەر هەڵوێستەکانی و داوا لە لایەنی بەرامبەر بکات سازشی بۆ بکات و لەهەمان کاتیشدا لایەنی بەرامبەریش هەمان بیرکردنەوە و ڕەفتــاری هەبێت ئەوە هەرگیز ناگەینە خاڵێکی میانڕۆ لەبەرئەوەی ئەوکات هەموو لایەنێك لەسەر ئەو هێڵە دەوەستێت کە بۆ خۆی دایناوە و پێیوایە هێڵێکی جێگیرە و مایەی مشــتەومڕ و دانوستان لەسەرکردن نییە.

*** زۆر کەس پێیانوایە کە کێشــەکانی ئەمڕۆ لایەنێکی پۆزەتیڤی هەیە و ئەویە کە کێشەکە تەنیا لەنێوان دوو قەوارەی سیاسییە نەك لەنێو نەتەوە و ئایینــەکان، بەڕای تۆ ئەم تێڕوانینە ڕاستە؟ ڕات چیە؟**

- ڕاســتە ئەمە ململانێی نێوان دوو قەوارەی سیاسییە، بەڵام لەڕاستیدا ململانێیەکە لەنێوان دوو پێکهاتەیە، هەر یەك لە قەوارەکان بانگەشە بۆ ئــەوە دەکات کە نوێنەرایەتیی پێکهاتەیەك دەکات، لێرەیشــدا دەمەوێ ڕاستییەك بڵێم کە یەکێك لەو دوو قەوارە سیاســییانە ڕوونترە لە پیشــاندانی پێکهاتەکەی، مەبەستم لەوەدایە کە قەوارەی شــیعەکان بە ئاســتێکی ڕوونتر گوزارشت لە «شــیعییەتی» خۆی دەکات، لەکاتێکدا قــەوارەی بەرامبــەر( ئەلعراقیە) وەکو قەوارەیەکی عێراقی بانگەشــە بۆ خۆی دەکات، بــەڵام تەنانــەت ئەویش لەحاڵەتی ڕووداني هەر کێشــەیەك دەبینین دەردەچێت و لێدوان پێشکەش دەکات و دەڵێت نوێنەری فلان پێکهاتەیە لە کۆمەڵگە، هەربۆیە تەنانەت ئەم قەوارەیەش خاوەن ئــەم کولتوورەیە، کولتوری نوێنەرایەتیکردنی پێکهاتەیەك، نەك کولتوری قەوارەیەك کە خاوەن ئاراســتەیەکی عێراقی بێت، ڕاستە پیشاندانی ئەم شتە لەم قەوارەیە بە ئاستێکی نزمترە، ئەویش لەبەرئەوەیە کە لایەنی دووەم بــە ڕوونی پیشــانیداوە کە قەوارەکەی لەچوارچێوەی یەك تایفەدایە، ئەم ڕاستییەش پاش هەڵبژاردنەکان ئاشــکرا بوو بەوشێوەیەی کە شــیعە ئیســلامییەکان ڕێککەوتن لەسەر ئەوەی کە پێویســتە هاوپەیمانێتی ببەســتن و ویــڕای هەمــوو جیاوازییەکانیان و وێڕای هەمــوو خاڵە دژەکانــی نێوانیان، بۆیە خاڵی کۆکەرەوەی نێوانیان سیاسی نییە، بەڵکو تەنیا لەسەر ئەو بنەمایەیە کە شیعە و ئیسلامی بن و ئەمەش خۆی لەخۆیدا کێشــەیە، سەبارەت بە لایەنی بەرامبەریش ڕاســتە کە ئیسلامی سیاســی بە ڕوونی لەنێو لایەنی بەرامبەردا نییە، بەڵام ئاراستەی تایفەگەری لە ئەویش دیارە، لە هەردوو لایەنەکاندا دەبینین لەهەمان تایفەن، یان لەڕووی دەستێوەردانەکانی وڵاتانی دراوســێیە، شــتەکە ڕوون و ئاشــکرایە کە هەڵوێســتێکی شیعی و هەڵوێستێکی سوننی هەیە، هەڵوێســتەکان لەهەموو مەسەلەکاندا دیارە و ئەوە زیاتر لە ٩ ســاڵ تێپەڕیوە لەسەر گۆڕانکارییەکان، بــەڵام تاکو ئەمڕۆش هەر نوقمی ئەو کولتوورەن، هەندێك کەسیش دەڵێن هێزی داگیرکەر تایفەگەریی سیاسیی بۆمان هێناوە، نەخێر شــتی وانییــە، تایفەگەریی سیاســیی دەســتکردی خۆمانــە، بەرهەم و داهێنانــی خۆمانە، زۆریــش بەداخەوە ئێمە لەمرووەوە داهێنەرین، مایەی خەم و داخە کە ئەو زاراوەیە بەکاردێنم، بەڵام ئەوە واقعەکەیە، ئەمە پەتا و نەخۆشیی کۆمەڵگەکەمانە بۆیە پێویســتە بنبڕی بکەین و ناکــرێ بێئومێد بین، بەڵکو پێویســتە خۆمان لەو نەخۆشییە چارەســەر بکەین، لەبەر ئــەوەی پێچەوانەی ژیانــی هاوچەرخ و هەروەهــا پێچەوانەی هەموو ئــەو بەها و پێوەرانەیــە کە مرۆڤ بــاوەڕی پێیان هەیە، بۆیە ئــەم دواکەوتنەی

**قەوارەی شیعەکان بە ئاستێکی ڕوونتر بەراورد بە قەوارەی سونەکان گوزارشت لە «شیعیەتی» خۆی دەکات**

**تایفەگەریی سیاسیی دەستکردو بەرهەم و داهێنانی خۆمانە. زۆریش بەداخەوە ئێمە لەمڕووەوە داهێنەرین**

ئێمــە دواکەوتنێکــی نائاســاییە و هەروەها ئەنجامی کەڵەکەبووی مێژوویی و ئەزموونی دیاریکراو و کولتورێکی دیاریکراوە، هەر بۆیە زۆر پێویستە ڕۆژێك لە ڕۆژان ڕاستبکرێتەوە و ببینە خاوەن کولتورێکی باشــتر و مرۆییتر و عەقلانیتر.

*** ئاینده چۆن دەخوێنیتەوە و پێشبینییەکانت چین؟ پێتوایە بژاردەکان چین؟**

- بەڕای من ڕاســتکردنەوەی ئەم بارودۆخە پێویستیی بە کات و هەوڵوتەقەلای زۆر هەیە، بەڵام وێڕای ئــەوەش ئومێدێکی زۆرم هەیە، نامەوێ لە خوێنەکاندا بفرم و بڵێم بەشێوەیەکی ڕەهــا گەشــبینم، نەخێر، گەشــبینم، بەڵام گەشبینییەکەم گەمارۆدراوە بە ئاستێکی زۆر لــە نیگەرانی، بــەڵام لەکۆتاییدا هەر دەبێت ڕاســتبکرێتەوە، دەمەوێ بەڕاشکاویی بڵێم ئەوەی کە هیوای بۆ دەخوازین سیستەمێکی مۆدێــرن و هاوچەرخە لەگــەڵ کولتورێکی دیموکراســی و ژینگەیەکی دیموکراســیی تەندروست، ئەم شتەیش دەیان ساڵ دەخایەنێت، بەڵام هاوکات ئەگەر هەیە شتێك ڕووبدات کە خێرایی بە جموجۆڵی مێژوویی ببەخشێت، ئەم شتە ئەگەری ڕوودانی هەیە، بەڵام وەدیهێنانی پەیوەســتە بە ئــەرك و هەوڵەکانــی لایەنی بەرامبەر کە خەســڵەتی عەقلانی و مرۆیی هەبێت لەپێناو ڕاستکردنەوەی ئەم ڕێچکەیە، بەهەرحاڵ لەوانەیە ڕاســتکردنەوەی چەندین خولی هەڵبژاردن بخایەنێت و تەنانەت لەوانەیە چەند نەوەیەکیش بخایەنێت لەبەرئەوەی هەر کە ڕۆژی هەڵبژاردنەکان هات دەبینین شیعەکان دەڕۆن دەنگ بە شیعە بدەن و سوننەکان دەنگ بە سوننە دەدەن و هەڵبەتە هاووڵاتیان بیر لەوە دەکەنەوە کە ئەمجارەیان باشتروایە دەنگ بدەن بە شیعەیەکی باشــتر لە شیعەی پێشووتر و هەروەها سوننەکانیش پێیانوادەبێت دەنگ بدەن بە سوونەیەکی باشــتر لە سوننەی پێشووتر، بۆیە ئەم مەسەلەیە پێویستیی بە کولتورێکی نــوێ هەیە و من پێمــوایە کــە زەمینە هەیە لەمبارەیــەوە لەبەرئەوەی زۆرجــار گەنج و لاوەکان و نەوەیەکی نوێ دەبینین کە خوازیارە بۆ دروســتبوونی ئەم جۆرە کولتوورانە، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم کولتوورە هێشتا لەباوەشنەگیراوە

و ڕێكنەخراوە، ڕاستە ئاڕاستەی دیموكراسی هەیە و هێز هەن داوای دیموكراسییەت دەكەن، بەڵام ئەم هێز و ئاڕاستانە هێشتا لاوازن لەڕووی ئیمكانییاتەكانیان و هاوكات پێویستیمان بە كات هەیە بۆ دەربازبوون لەم قەیرانە، هەڵبەتە ئەمەش پەیوەستە بە ئاستی گۆڕانكارییەكان لەسەر كولتوری كۆمەڵایەتیی ئەمڕۆ. ئەمڕۆ تۆ چێندراوە بۆ كولتورێكی نوێ، ڕاستە كە هێشتا نەبۆتە دیاردەیەكی بەرفراوان، بەڵام ئەو «تۆ»یە لە گەشەكردنە و لەئایندەدا بارودۆخی گونجاو دێتەپێشەوە كە خێرایی بە گەشەسەندنی دەبەخشێت زیاتر لەوەی كە ئێمە بیری لێ بكەینەوە.

*** خوێندنەوەت چیە لەبارەی حكومەتی ئێستا پاش تێپەڕبوونی دوو ساڵ لەسەر هەڵبژاردنەكان و پێكهێنانی ئەم حكومەتە لەكاتێكدا حكومەت هێشتا كامڵ نەبووە؟**

- پێموایە بارودۆخەكە هەر وەكو خۆی دەمێنێت هەتا كۆتایی ئەم خولە واتە هەڵبژاردنی نوێ، خولانەوە بەردەوام دەبێت و بەردەوام ناكۆكی و ئاشتەوایی لەئارادا ڕوودەدات و مەسەلەكان لەم بازنەیەدا بەردەوام دەخولێنەوە و هەموو مەسەلەكان بە هەڵپەستراوی دەمێننەوە و هیچ مەسەلەیەك یەكلاناكرێتەوە و ئەگەر یەكلاییشبكرێتەوە ئەوە بەشێوەیەكی كاتی دەبێت هەتا بەكۆتاهاتنی خولەكە و پاشان خوا دەزانێ چی ڕوودەدات، ئێمە هیوا دەخوازین شتێكی باشتر بێتە جێگەی، لەوانەیە سەرۆك وەزیران هەر بمێنێت و مەرج نییە وەزیری كارا پۆستی وەزارەتەكانی بەرگری و ناوخۆ بگرنە دەست، لەوانەیە بارودۆخەكە هەر بەم شێوەیە بەڕێوە بڕوات لەبەرئەوەی بەڕاشكاوەیی دەیڵێم ئەوانە بایەخ بەم مەسەلەیە نادەن، بەڵام بەڕای من ئەم مەسەلانە زۆر گرنگ نین بۆئەوەی باسیان بكەین لەبەرئەوەی شتی جەوهەریی لەبیركراو هەن و شایستەی باسكردنن، ئەوەی كە زۆر گرنگە «هاووڵاتی»یە لەگەڵ مەینەتییەكانی، مەبەستم لەبری بەفیڕۆدانی هەوڵەكان لە دروستكردنی ناكۆكی و پاشان ئاشتەوایی و بایكۆتكردن و دواتر گەڕانەوە و سازدانی كۆنگرە و كۆبوونەوە و دەستپێشخەری و .. تاد. ئەمە بەفیڕۆدانی كاتێكی زۆرە و ئەوە دوو ساڵە لە بازنەی ئەم مەسەلانەدا

> **ڕاستە ئاڕاستەی دیموكراسی هەیە و هێز هەن داوای دیموكراسییەت دەكەن. بەڵام ئەم هێز و ئاڕاستانە هێشتا لاوازن**

> **سیاسەتوانەكان كاتیان نییە بیر لە هاووڵاتیان بكەنەوە هەموویان بە كێشە سیاسییەكانەوە سەرقاڵن و ئەمەش خۆی لەخۆیدا كێشەیەكی دیكەیە**

دەخولێینەوە، بۆیە لەمیانی ئەم كێشە و گرفتانە سیاسەتوانەكان كاتیان نییە بیر لە هاووڵاتیان بكەنەوە و بیر ناكەنەوە بۆ باشتركردنی گوزەران و دابینكردنی خزمەتگوزارییەكان لەبەرئەوەی كاتیان نییە و هەموویان بە كێشە سیاسییەكانەوە سەرقاڵن و ئەمەیش خۆی لەخۆیدا كێشەیەكی دیكەیە.

*** قسە هەیە لەوبارەیەی كە ئەم كۆنگرەیە سیناریۆیەكە بۆ هێوركردنەوەی بارودۆخەكان و گوایە ئەو كۆنگرەیە نەبوونی هەیە و نە سازیش دەدرێت، ڕات چیە؟**

- من پشت بە كۆنگرە نابەستم و ئەگەر هات و ئەو كۆنگرەیەش سازدرا ئەوە باوەڕناكەم ئەنجامی پێویستی لێ بكەوێتەوە، بەڵكو تەنیا بۆ هێوركردنەوەیە لەبەرئەوەی لایەنەكان هەستیان بەوە كردووە كە ئێستا هێوركردنەوەی بارودۆخەكان پێویستە، بۆیە كاتەكە هەر بەم شێوەیە بەسەر دەبەن، لەوانەیە هەندێك ڕازیكردن بێتە ئاراوە، بۆیە پێموانییە كە ئەنجامێكی ئەوتۆی لێ بكەوێتەوە و تەنانەت ئەگەر هات و لایەنەكان گەیشتنە ڕێگەی داخراو و ناچاربوون حكومەتێكی زۆرینەی سیاسی پێكبێنن ئەوە ئەو زۆرینە سیاسییە بە وشەیەكی پڕ بە واتا نابێت بە زۆرینەیەكی سیاسی لەبەرئەوەی ئێمە فرە سیاسیمان نییە بۆئەوەی زۆرینەی سیاسیمان هەبێت، بەڵكو ئەوەی كە هەیە بریتییە لە دابەشبوونی تایفەگەری، ئەوەی كە لەئارادا هەیە حوكمی شیعەیە لەگەڵ حوكمی سوننە نەك حوكمی بۆ نموونە باڵی چەپ یان لیبراڵ یان سۆشیالیست یان موحافزكاران و .. تاد. ئێمە ئەو جۆرە ئاڕاستە سیاسییانەمان نییە، بەڵكو پارتی تایفەگەریمان هەیە و لەئاكامیشدا حكومەتی زۆرینەی سیاسی بەواتای حكومەتی زۆرینە لەڕووی پێكهاتەكانیەوە نابیت و ئەمەش كێشەیە و بەڕاشكاوەیی دەیڵێم ئەم شتە درووست نییە.

*** ئەگەر ڕێككەوتنەكەی «هەولێر» بە هەموو بەندەكانیەوە جێبەجێ بكرایە بێگومان ئێستا بارودۆخەكە وا نەدەبوو، ڕات چییە لەمبارەیەوە؟**

- لەڕاستیدا ئێمە تەنانەت نازانین وردەكارییەكانی ڕێككەوتنەكەی «هەولێر» چین، بەدرێژایی ئەم ماوەیە بەردەوام قسە لەسەر ڕێككەوتنەكەی «هەولێر» كراوە، بەڵام ئێمە تەنانەت نازانین ڕێككەوتنەكەی «هەولێر» چیە، ئێمە وەكو لایەنێكی دوور لەم كێشمە كێشمە وتوومانە با ئەو ڕێككەوتنەی «هەولێر»، بڵاوبكرێتەوە بۆئەوەی بزانین تاچەند بانگەشەكانی لیستی «عێراقیە» درووستە بۆ پاپەنەدبوون بە ڕێككەوتنەكەی و داوامانكرد و وتومانە بە ڕێككەوتنەكەی «هەولێر»مان بۆ ئاشكرا بكەن، هەروەها بۆئەوەی بزانین تاچەند بانگەشەكانی «دەوڵەتی یاسا» یان «هاوپەیمانی نیشتمانی» درووستە لەڕووی پاپەندنەبوون، بزانین كام بەندە دەستوورییە و كامیان نادەستووریە، تێناگەم، ئەوانە سەرەتا لەسەر شتێك ڕێكدەكەون و پاشان دێن و دەڵێن ئەمە شتێكی نادەستووریە، كەواتا چۆن واژۆ لەسەر شتێكی نادەستووری دەكەیت و پاشان دێیت و دەڵێی نادەستووریە؟ هەربۆیە ئەوەی ڕاستی بێت ڕێككەوتنەكە ڕوون نییە و بڵاویش ناكرێتەوە، با بڵاوبكرێتەوە بۆئەوەی بیبینین و بزانین چیە و هەروەها بۆئەوەی لایەنەكانی دیكەیش ڕای خۆیانی لەسەر دەربڕن، بەڵام وێڕای ئەوەیش ڕێككەوتنەكەی «هەولێر» بوو كە لە ئەنجامیدا حكومەت پێكهێنرا، هەربۆیە پێویستە وەكو مەرجەعێك بێت بۆ لایەنە ناكۆكیدارەكان و پاپەندی بن.

* بەپێی لێدوانەكان زۆربەی لایەنەكان پاپەندبوون بە ڕێككەوتنەكەی «هەولێر» بەڵام «دەوڵەتی یاسا» سەرپێچییكرد لەڕووی پێنەدانی «ئەنجوومەنی سیاسی» بۆ لیستی «عێراقیە» و لەڕووی مەسەلەكانی تایبەت بە جێبەجێكردنی ماددەی ١٤٠، لایەنەكان لەسەر ئەم مەسەلانە ناكۆكییان هەیە.

- درووستە، «دەوڵەتی یاسا» دەڵێت تەنیا لەڕووی مەبدەئیەوە لەسەر «ئەنجوومەنی سیاسەتە ستراتیژییەكان» ڕێككەوتووە، بەڵام لەناوەڕۆكدا و كاتێك وردەكارییەكان هاتنەپێشەوە دەڵێن لیستی «عێراقیە» داوای شتی نادەستووریی كردووە، وەكو بیستمان دەڵێن داوای دەسەڵاتێكی جێبەجێكاریی دیكەی كردووە لە پاڵ ئەنجوومەنی وەزیران، ئەمەیش یەكتربڕە لەنێو دەسەڵاتە جێبەجێكارییەكان.

> **من پشت بە كۆنگرە نابەستم و ئەگەر ئەو كۆنگرەیەش سازدرا ئەوە باوەڕناكەم ئەنجامی پێویستی لێ بكەوێتەوە**

میسر دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردوو و
رۆشنبیران و داهێنەران کۆچ دەکەن و ئەو وڵاتە بەجێدێڵن

شاعیرو رەخنەگری میسری ئەحمەد شەهاوی بۆ گوڵان:

# ئیخوان موسلیمینەکان کتێبەکەمیان نەخوێندبووەوە و تەکفیریان کردم




**گـــوڵان:** لەم رۆژانـــەدا بەشـــداری لە فیستڤاڵێك دەكەی لە نیكاراگوا ئەمەش لەچوارچێـــوەی گرنگیدانـــت بە ئەدەب لـــە ئەمریكای لاتینی دێـــت، ئەمە چ ئیزافەیەكی خستۆتە سەر كاروانی تۆ؟

**ئەحمەد ئەلشـــەهاوی:** بەنیازم سەردانی نیكاراگـــوا و كۆســـتاریكا بكـــەم بـــۆ بەشداریكردن لە فیستیڤاڵێكی تایبەت بە شیعر كە لەشاری گرینادا واتە (غەرناتە) ئەنجام دەدرێـــت، نیكاراگوا بە یەكێك لە دەوڵەتە هـــەژارەكان دادەنرێت، بەڵام زۆر گرنگی بە شـــیعر دەدەن و سەرۆكی ئەو وڵاتە و هاوسەرەكەی شاعیرن. سەرەڕای ئەو هەژارییە فیستیڤاڵی شیعر و ئەدەبی ساز دەكەن، ئەمریكای لاتینی بە ناوەڕاست و باشـــوورەوە لەســـەر دەریایەكی شیعر و نووسین دەژین و ئێمە تووشی سەرسوڕمان دەبینـــەوە كاتێـــك ماركێـــز و بۆرخیس دەخوێنینەوە، ســـەرۆكی فیستیڤاڵەكە لە گواتیمالا تەمەنی **٢٦** ساڵە، لە كاتێكدا بەڕێوەبەری فیستیڤاڵی شیعری لەمیسر كە راوەستاوە و هەمیشە لە كاركەوتووە و تەواو نابێـــت و نە لۆكاڵ و نە جیهانییە، تەنانەت ناوی شاعیرە گەورەكانی جیهان نازانێـــت. گەشـــتە بەردەوامەكانم بۆ ئەم وڵاتانـــە ئەزموونێكی گرنگـــە بۆ من و زۆریش ســـوودم لەم تێكەڵـــە و ئاوێتە شیعرییە بینیوە.

**گوڵان:** گرنگترین لایەنەكانی كەموكوڕی راستەقینە چین كە لە وڵاتەكانماندا هەیە لە بواری رۆشنبیری؟

**ئەحمەد ئەلشەهاوی:** وڵاتە عەرەبییەكان توانـــای ئەوەیـــا نییە چالاكـــی ئەدەبی راســـتەقینە ســـاز بكەن و تائێستا هیچ وڵاتێكی عەرەبی میسریش ئەو توانایەیان نییە فیستیڤاڵێكی شـــیعری رێك بخەن تەنانەت ئەو فیستیڤاڵەی كە لە دوبەیش

**بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی ئەمریكای لاتین زۆربەی وڵاتەكان زۆر لە وڵاتانی ئێمە هەژارتر و پڕ كێشەترن، بەڵام گرنگیدانیان بە لایەنی رۆشنبیری لە هی ئێمە زۆر بەرزترە**



**ئەحمەد ئەلشـــەهاوی شـــاعیر و رۆژنامەنووس و رەخنەگر؛ كارەكانی بۆ چەندین زمـــان وەرگێڕاون و لە ســـاڵی ١٩٩٨(خەڵاتی یۆنسكۆی لەبـــواری ئـــاداب)و لـــە ســـاڵی ١٩٩٥یـــش (خەڵاتی كفافیس )ی بەدەستهێناوە. ئەحمەد ئەلشەهاوی دوای ئـــەوەی كتێبەكانـــی دووجـــار تەكفیر كـــرا ڕووبەڕووی ئیســـلامییەكان و ئەزهەری كردەوە، هەر بۆیە پێیوایە ئێســـتا میســـر ڕووبـــەڕووی بارودۆخێكـــی نوێ دەبێتـــەوە ئەویش بە هەڵكشـــانی ئیســـلامییەكان لە هەڵبژاردنەكانی ئەم دواییە، كە وادەكات میســـر بۆ ســـەردەمی حەڤتاكان پاشاكشـــێ بـــكات، ســـەبارەت بـــەم بابەتەو چەند بابەتێكـــی تری پەیوەندار بە بارودۆخی رۆشنبیری و ئازادیەكان لەمیسر چەند پرسیارێكمان ئاراستە كـــرد كە بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

**دیمانە: ئەسما ئەلحوسەینی**

ساز كرا كەموكوڕی زۆر بوو .هەندێكیان رەهەندێكی سیاســـی یان ئاراســـتە كراو یان رێنیشـــاندانیان هەیە بۆیە كاریگەری چاوەڕوان كراویان نابێت، من ســـەردانی زۆر وڵاتم كـــردووە لەجیهان كە بە پارەی كەمتر تێیدا فیســـتیڤاڵیان ئەنجام داوە، ئێمە هیچ پێشـــكەش ناكەیـــن، چونكە فیســـتیڤاڵەكانمان ئاهەنگ ئامێزن، لە فیســـتیڤاڵی قاهیرە ٢٠٠ رۆماننووسیان بانگهێشت كرد بۆ ماوەی ٦ رۆژ بەمەش كەســـیان دەرفەتی ئەوەیان نەدەبوو لە ٦ تـــا ١٠خولەك زیاتر قســـە بكەن ئەمەش كەرنەڤاڵە نەك فیســـتیڤاڵی شـــیعری، ئەگەر ئێمە رۆشنبیرییەكی راستەقینەمان بـــووێ و كارێكی موئەسەســـاتی بونیاد بنێین، پێویستە كەسێك بدۆزینەوە كە هزر و دیـــدگای هەبێت و نەك تەنیا گرنگی بدات بەو رووداوەی كە ئێستا لە ئارادایە، بەڵكو گرنگی بە ئایندەش بدات.

**گوڵان:** چۆن پێشبڕكێی (امیر الشعراء) هەڵدەســـەنگێنی كە بە ئەزموونێكی بێ وێنە دادەنرێت؟

**ئەحمەد ئەلشـــەهاوی:** بەڕای من (امیر الشـــعراء) بەرنامەیەكـــی تەلەفزیۆنییە لایەنە سلبیەكانی لە ئیجابیەكانی زیاترن، بەو مانایـــە بەرنامەیەكە بۆ پارە نەك بۆ رۆشنبیری و هیچ شاعیرێكی راستەقینە و هەژار نەهاتووە بۆ بەدەســـتهێنانی ئەم خەڵاتـــە، چونكـــە ناكرێ شـــاعیرێكی گەورە رازی بێت كەســـێك بەرهەمەكانی هەڵیبســـەنگێنێت كە لـــە پلەیەكی خوار خۆیـــدا بێـــت، هەندێك لـــە رەخنەگران ئەوانەی بەشداریان لە هەڵسەنگاندن كرد گومان هەبوو لە بـــواری رەخنەگرتنیان، بەڵام بەرنامەكە جەماوەری خۆشەویســـت كرد لە جۆرێكی دیاریكراوی شیعردا.

**گوڵان:** كارەكانت وەرگێڕدراون بۆ توركی و ئیسپانی، ئایا پێشوازییان لێكراوە؟

**ئەحمەد ئەلشـــەهاوی:** رەنگە من هەندێ شانســـم هەبوو بێت لە زمانی ئیسپانی و توركی، چونكـــە زۆر لە كارەكانم بۆ ئەم دوو زمانە وەرگێڕدراون، ئەوەی كارەكانی منی بۆ توركی وەگێڕا شاعیرێك بوو بە ناوی مەتین فندقچی، بە داخەوە ئێستاش توركـــەكان ئێمە لە خـــواروی خۆیانەوە دەبینن، بەوپێیەی ئێمە موســـتەعمەرەی سەر بە وڵاتی ئەوان بووین، من ئەم قسەیەم لە پیشانگای كتێب لە ئەستەنبول وتەوە، ئێمە ناگەین بـــە ١،٠٪ی بەرهەمەكانی توركیـــا لەو بەرهەمانەی لـــە توركیا لە بـــواری وەرگێڕان بەرهەمیـــان دەهێنێت، كەواتە ئێمە بە هیچ شـــێوەیەك لەســـەر نەخشەی توركیا بوونمان نییە، من ئەم

**ئەو كەسەی ساڵی ٢٠٠٣ لەسەر دیوانەكەم لێپرسینەوەی لەگەڵ كردم، كادری ئیخوانە و لە هەڵبژاردنەكانی ئەم دواییە وەك كاندیدی پەرلەمان لە ئەسكەندەریە هەڵبژێردرا**

راستیەم لە حزوری وەزیری رۆشنبیری تورکیا و چەند بەرپرسێکی دیکەی تورك باس کرد، تەنانەت ئەوانەی کارەکانیان بۆ سەر زمانی تورکی وەردەگێڕدرێت لە رێگای زمانێکی دیکەوە دەبێت، بۆ نموونە رۆمانی (عزازیل)ی یوسف زێدان لەزمانی ئینگلیزی وەرگێردراوە و رۆمانی (یعقوبیان)ی عەلا ئەلئەسوانی لە فەرەنسییەوە وەرگێڕدراوە بە هەمان شێوە کارەکانی جەمال غێتانی و نەجیب مەحفوز و رەنگە من تاکە کەس بم کە کارەکانی راستەوخۆ لە عەرەبییەوە وەرگێردران، من بەمە دڵخۆش نیم کە کارەکانی من وەربگێڕدرین و کارەکانی سەلاح عەبدولسەبوور و محەمەد عەفیفی و ئەحمەد حیجازی و عەبدولڕەحمان

**دوای ئەوەی تەکفیریان کردم، شەس نوسخەم لە دیوانەکەم بۆ سەرکردەکانی ئیخوان موسلیمین نارد، یەکێکیانم نەدیت دیوانەکەمی بە تەواوەتی خوێندبێتەوە، بۆیە پێمگوتن زۆر عەیبە رەخنە لە کتێبێك دەگرن و خاوەنەکەی تەکفیر دەکەن، بەڵام کتێبەکەشتان نەخوێندۆتەوە**

ئەبەننودی و چەندانی تر وەرنەگێڕدرێن، تورکیا ئێستاش بە هیچ شێوەیەك نامانبینێ ئەسڵەن هیچ نەخشەیەکی رۆشنبیری عەرەبی لە تورکیا نییە.

**گوڵان:** ئایا کێشە سیاسی و ئابووریەکان رۆڵیان هەیە لە دارِشتنەوەی بارودۆخی شڵەژاوی رۆشنبیری لە وڵاتە عەرەبییەکان؟

**ئەحمەد ئەلشەهاوی:** گەندەڵییەکی زۆر هەیە ئەمەش بەهرە و هیوا و ئاوات و خەونەکان پەردە پۆش دەکات، چونکە کاتێك ناوێکی گرنگ دەبینی پێویستە بۆ پێشەوە پاڵی پێوە بنێین بەداخەوە لە وڵاتانی ئێمە ئەمە روونادات، راستە کە قەیران و بارودۆخی سیاسی و ئابووری

**سەرکردەکانی ئیخوان موسلیمین پێیان گوتم تۆ شاعیرێکی گەورەی هەقە تواناى خۆت بۆ مەنفەعەتی خەڵك بخەیتە گەر، ئەمەش واتە نەسیحەتیان دەکردم بۆ ئەوەی فێری نووسینم بکەن!**

لە وڵاتەکانمان کاریگەری هەیە، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی ئەمریکای لاتین زۆر وڵات هەن زۆر لە وڵاتانی ئێمە هەژار و پڕ کێشەترن، بەڵام لایەنی رۆشنبیری لای ئەوان و گرنگی پێدان زۆر بەرزە. گرفتی سەرەکی ئێمە ئەوەیی لەبەردەم رەوتەکانی دیکە ناکرێینەوە.

**گوڵان:** بەهۆی یەکێك لە دیوانە شیعریەکانت بەتەکفیر تۆمەتبار کراوی، ئایا ترسی هەڵکشانی رەوتە ئیسلامییەکانت نییە لە میسر وئەو کۆت و بەندانەی کە بەسەر ئازادی داهێنانەوە دەیسەپینن؟

**ئەحمەد ئەلشەهاوی:** بەداخەوە ئەو پەرلەمانتارەی کە لە ساڵی ٢٠٠٣ لێپرسینەوەی لەگەڵدا کردم سەبارەت بە دیوانەکەم (الوصایا فی عشق النساء) و ناوی محەمەد مستەفایە، لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییە لە ئەسکەندەریە سەرکەوت و دیمانەیەکی تایبەتی لە رۆژنامەی قاهیرە ئەنجامدا لەگەڵ سەلاح عیسا بۆ ئەوەی جەهلی بە دیار بخات، دواتر تەکفیر کردنی من لە ساڵی ٢٠٠٦ و لەبەر ئەوەی من کەسێکی (مغامر)م شەش دانەی دیوانەکەم بۆ سەرکردەکانی ئیخوان موسلیمین نارد، یەکێکیانم نەدی کە دیوانەکە بە تەواوی بخوێننەوە تەنانەت ئەوانەی لە کەناڵە ئاسمانییە عەرەبی و میسریەکانیش باسیان دەکرد و لەوانەش سەرکردە بەرزەکانیئیخوان موسلیمین، پێمگوتن عەیبە دێن وەڵامی کتێبێك دەدەنەوە کە نەتانخوێندۆتەوە، هەندێکی تریان لەئیخوان موسلیمین قسەیان پێگوتم و جنێویان پێدام و تەکفیریان کردم بێ ئەوەی کتێبەکەم بخوێننەوە، ئەمەش مایەی شەرمەزارییە کە بەردەوام لە کەناڵەکان هێرش بکەنە سەر کتێبێك بێ

ئەوەی بیخوێننەوە، کاتی خۆی سکاڵام دژی شێخی ئەزهەر و وەزیری ناوخۆ بەرز کردەوە دەربارەی ئەم کێشەیە، ئەو کات بۆم دەرکەوت کە پێوەندییەك هەیە لەنێوان هەندێك لە شێخەکانی ئەزهەر وئیخوان موسلیمین، چونکە زۆربەیان راوێژکار بوون لە زانکۆ سعودیەکان بووبوون بە وەهابی.

**گوڵان:** ئەگەر دەرفەرتت بۆ بڕەخسێت بەرگری لە خۆت بکەی دژی تاوانی تەکفیر چی دەڵێی؟ ئایا ئەم تۆمەتبار کردنە کاریگەری لەسەر کار و داهێنانی تۆ هەبوو؟

**ئەحمەد ئەلشەهاوی:** گرفتەکە دواتر سەرهەڵدەدات کە کۆمەڵگا وەك کافر سەیرت دەکات، من جوتیارم لە گوندێك و کوڕی زانایەکی ئەزهەرم، براکانم دیندارن و یەکێکیان سەر بەئیخوان موسلیمینە و زۆریش هەستیان بە ئازار کرد کاتێك لێیان دەپرسی ئایا راستە براکەتان کافرە؟ کوڕە بچووکەکەم گوێی لە خەڵك بوو ئەم قسەیان دەکرد و پێی وتم تۆم خۆش ناوێ، من زۆر بەرگریم لە خۆم کرد و پەنا بۆ پارێزەر نەبرد تاکو بێزار نەبووم لە بەرگریکردن، کتێبێکم نووسی بەمزووانە بڵاودەبێتەوە بەناوی (منزل الالف) بەشێکی زۆری ئەم بەرگریکردنەی تێدایە، لە راستیدا پێویستم بەم بەرگری کردنە نەبوو، بەڵام زۆر زەحمەت بوو بۆ من بەرگری لە خۆم نەکەم دژی تاوانبار کردنم بە کوفر و ناویشم ئەحمەد و کوڕی شێخێکی ئەزهەر بم، ئەم تاوانبار کردنە دەرفەتێك بوو بۆ ئەوەی دووبارە فکری ئیخوان بخوێنمەوە و بەسەر زۆر شتی تریش کرامەوە، دواتر نامەیەکی دکتۆرای کچە توێژەرێکی تونسیم خوێندەوە دەربارەی کاریگەری شیعری من بە قورئانی پیرۆز و تەسەوف، لیستێکم بە ناوی ئەو کتێبانە پێشکەش بە شێخی ئەزهەر کرد کە رێگا دەدەن و بە

**من کوڕی جوتیاریکی میسر و شێخێکی ئەزهەرم و برایەکم ئیخوان موسلیمینە، کەچی ئیخوان موسلیمین کافریان کردم**

**هیچ شاعیرێك نییە لە موتەنەبییەوە هەتا ئێستا، توانیبێتی لەسەر سیرات بڕوات، چونکە کە ئەمەی کرد نابێتە شاعیر**

حەڵاڵی دەزانن (استشهاد) بە قورئانی پیرۆز بکرێت واتە (وەك بەڵگە بهێنرێتەوە) و بە شێوەیەکی (لا شعوری) بە جۆرێك لە جۆرەکان، قورئانی پیرۆز کاریگەرییەکی زۆری بەسەر هەموو میسرییەکانەوە هەیە، موسڵمان و قیبتیەکانیش، چونکە بە زمانی عەرەبییە و هیچ کەسێك ناتوانێت تەنانەت بڕوات ئەگەر پشت بە قورئانی پیرۆز نەبەستێت.

**گوڵان:** بەڵام تۆ هەندێك وشەت لە شیعرەکانتدا بەکارهێناوە کە راستەوخۆ ئیحالەن بۆ قورئانی پیرۆز؟

**ئەحمەد ئەلشەهاوی:** کتێبەکەم (في عشق النساء) زوڵمێکی زۆری لێکرا، چونکە لەو کاتە بڵاوکرایەوە کە رۆمانی (ولیمە لاعشاب البحر) بڵاوکرایەوە و با پێت بڵێم هیچ شاعیرێك نییە لە دنیا لە موتەنەبی و ئەبی تەمامەوە تا دوایین شاعیر لەسەر صیرات بڕوات، چونکە ئەگەر ئەمەی کرد نابێتە شاعیر، شاعیر سەرچڵ و دۆزەرەوە و گەڕیدەیە بە مانایەکی تر لە دەرگاکان دەدات، من کەسێکم هەمیشە ڕێز لە ئافرەت دەگرم و بەڕێزەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەم، تاکی میسریش هەر لە چاخەکانی سەرەتاییەوە بەڕێزەوە مامەڵە لەگەڵ ئافرەت دەکات، ئەمەش بە روونی لە کلتووری کۆنیدا یان کلتووری عەرەبیدا دیارە، ئەو رەوتانەی کە لەم قۆناغەدا بوونیان هەیە و بوونەتە هۆکاری گەڕانەوەی پێگەی ئافرەت بۆ دواوە هیچ پێوەندییان بە میسرەوە نییە نە لە جلوبەرگ و نە لە رەفتاردا بەڵکو کۆنترۆڵی میدیا و سیاسەتیان کردووە. زەحمەتە من بە درێژایی کات بەرگری لەخۆم بکەم و تۆمەتی کافر بوونیشم هەر لەسەر شان هەڵگرتبێت، ئەمەش مەسەلەیەکی (کەهنوتییە) لە ئیسلامدا بوونی نییە.

**گوڵان:** ترست لە هەڵکشانی ئێستای هێزە ئیسلامیە سیاسیەکان هەیە؟

**ئەحمەد ئەلشەهاوی:** بە داخەوە هەمان کەسەکان و هەمان عەقڵ و هەمان دید ئەمڕۆ لە ڕێزبەندی سەرەوەی دیمەنی سیاسین، پێویستە ڕاشکاوانە بین کە دیمەنەکە مایەی ئازار و شەرمەزارییە، چونکە خانەکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی گشتی و تایبەتی لە ئێستاوە ئەرکی چاودێری دەبینن بێ ئەوەی یاسایەك یان تەشریعێك هەبێت لە پەرلەمانەوە کە زۆرینەیان ئیخوانن و نوێنەرایەتی حزبی (الحریە و العدالە) دەکەن، من لەبەر چاومە کە نووسەر و داهێنەران روو لەو پایتەختە دەکەن کە ئامادەن بۆ پێشوازی کردن لەم نووسەرانە ئەویش بەیروتە، واتە میسر دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی حەفتاکان، مایەی داخە کە کرێکارانی چاپخانە لە دەستەی گشتی کتێب و دەستەی گشتی کۆشکەکان رۆشنبیری کاری چاودێری دەکەن بەسەر سەرۆکی ئەم خانانە و بەرگی کتێب و دەقەکان رەت دەکەنەوە و شیاو نین بۆ ئەم کارە، بۆیە هیچ پێوەندییان بەم کارەوە نییە، باپێت بڵێم هەر لە سەرەتا دامەزراندنی ئیخوان موسلیمین لە ساڵی ١٩٢٨ و تائەمڕۆ تەنیا یەك شاعیر یان رۆماننووس یان رەخنەگرێك لە ریزەکانیدا هەڵنەکەوتووە و تاکە کەس کە بۆ ئەم کارە گونجاو بوو (سید قطب )بوو کە ئەویش بەردەوام نەبوو.

**گوڵان:** بەڵام ئێستا چەند رۆشنبیرێك هەوڵی رووبەڕووبوونەوەی کۆت و بەند کردنی ئازادی داهێنان دەکەن؟

**ئەحمەد ئەلشەهاوی:** نووسەر و داهێنەرە میسریەکان ناکۆکن، هەر یەکێکان لە شوێنی خۆی دوورە پەرێزە، یەکیان نەگرتووە تەنانەت لەو گرفتەی کە رووبەڕووم بۆوە هیچ بەیاننامەیەك لە یەکێتی نووسەرانی دەرنەچوو ئیدانەی ئەوە بکات کە روویدا، ئەو بەیاننامانەی کە دەریش چوون لە ئەورووپا و ئەمریکا و وڵاتە عەرەبییەکان بوون، مەبەستم ئەوەیە کە رۆشنبیرە میسرییەکان پێویستە بەرپەرچی هەموو ئەو شتانە بدەن کە روودەدەن و تەنیا رووبەرووی ئەوانە نەبنەوە کە پێیان دەوترێت.

**بە داخەوە هەمان ئەو کەس و عەقڵانەی دوێنێ تەکفیریان دەکردین، ئەمڕۆ لە ڕیزبەندی سەرەوەی دیمەنی سیاسی ئەم وڵاتەن، پێویستە بوێر و ڕاشکاوبین ئەم دیمەنە مایەی ئازار و شەرمەزارییە**

**گوڵان:** بەڵام لەوانەیە ئێستا بارودۆخەکە گۆڕا بێت و چەند هەڵوێستێکی بەهێزتر لە رۆشنبیران هەیە؟

**ئەحمەد ئەلشەهاوی:** واز لە خۆنیشاندانە کاتیەکانی رۆشنبیران بێنە بۆ بەرگریکردن لە ئازادی داهێنان، من لەگەڵ کاری کاتیدا نیم، بەڵکو لەگەڵ کاری رێکخراو و بەردەوامم، ئێمە بەدرێژایی کات لە رووبەڕووبوونەوەیەکی توندا بووین لەگەڵ ئیخوان لە ماوەی رابردوودا کاتێك تەنیا ٨٨ ئەندام بوون لە پەرلەمان و نوێنەرایەتی کەمینەیان دەکرد، ئێستا دەبێ چ بکەین کە بوونەتە زۆرینە، ئێمەش وەك داهێنەر و هونەرمەند دەبێ تەنازول بکەین کاتێك نەقیبی هونەرمەندان چاوی بە مورشیدی دەکەوێ و پێی دەڵێ (بەرۆشی بینینتم). لە ماوەی رابردوودا گرفتێك هەبوو لەگەڵ رۆشنبیر و داهێنەری دیکە و راوەدوونران و بڵاوکراوەکانیان و چەند بڵاوکراوەیەکی عەرەبی و بیانی دەستیان بەسەردا گیرا، ئازادی بڵاوکردنەوەی کتێب لە میسر راستەقینە نییە، چونکە راستە تۆ دەتوانی کتێبەکەت چاپ بکەی، بەڵام هەر کەسێك لە شەقام دەتوانێت داوایەك دژی تۆ تۆمار بکات وەك ئەوەی لەگەڵ دکتۆر نەسر حامد ئەبوزێد روویدا.

**لەئێستاوە ئەندامەکانی ئیخوان موسلیمین و حزب (العداله و الحریه) ڕۆڵی چاودێریکردنی خانەکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی گشتی دەبینن بێ ئەوەی یاسایەك لە پەرلەمان دەرچووبێت**

**گوڵان:** زۆر کەس پشت بە بەهێزکردنی

**هەر لە ساڵی ١٩٣٨ ەوە کە ئیخوان دامەزراوە تا ئەمڕۆ، تەنیا یەك شاعیر یان ڕۆمانووس یان ڕەخنەگر لە ڕیزی ئەندامانی ئیخواندا هەڵنەکەتووە**

ڕۆڵی ئەزهەر دەبەستن وەك ناوەندێك بۆ ڕۆشنگەری بۆ ڕووبەرووبوونەوەی توندڕەوی؟

**ئەحمەد ئەلشەهاوی:** سەرەتا با پێت بڵێم شێخی ئەزهەر کە ئوستادە لە فەلسەفە و تەسەوفی ئیسلامی و وانەی تەسەوفی خوێندووە یەکێك بوو لەو کەسانەی کە بەیاننامەی تەکفیر کردنی منی ئیمزا کرد و (کۆمەڵەی توێژینەوە ئیسلامییەکان) لە پێکهاتەکەی ئێستایدا نەگۆڕاوە، ئەوان نزیکەی ٣٨ شێخن، ئەگەر ئێمە باس لە شۆڕش بکەین ئەوا پێویستە هەندێك ناوی نوێ دەستنیشان بکەین کە بە فکر و هزر و دیدیش وەهابی نەبن، بەگوێرەی یاسا پێویستە لەنێو ئەندامەکانیدا ئافرەت و زانای وڵاتانی ئیسلامی هەبن، بەبێ ئەمانە هەموو بڕیارەکانی کۆمەڵە و بەیاننامە تەکفیری و نا تەکفیرییەکانیان هیچ بەهایەکی نابێت، یاسای نوێی ئەزهەریش کە بەم دواییە دەرچووە لە بەرژەوەندی شێخی ئەزهەر دکتۆر ئەحمەد ئەلتەیب دایە نەك لە بەرژەوەندی خودی ئەزهەر.

**گوڵان:** چۆن سەیری بەرنامەی حزبی (الحریە و العدالە) دەکەی کە نوێنەری ئیخوان موسلیمینە دەربارەی ڕۆشنبیری و هونەرەکان؟

**ئەحمەد ئەلشەهاوی:** کاتێك بەرنامەی حزبی (الحریە و العدالە)دەخوێنیەوە و سەیری دەکەی هیچ فکرێکی ڕاستەقینەی تێدا بەدی ناکەی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ نووسین و داهێنان، وشەکانی گشتین نەك روون و دیاریکراو، وەك ئەوەی بڵێی بە پارچە یان حاڵەت مامەڵە لەگەڵ داهێنان دەکەن لە میسر، ئەگەر من باس لە مامەڵە کردنیان لەگەڵ ڕۆشنبیری و سینەما و شانۆ و شیعر و ڕۆمان بکەم، ئەوا ئەمە لەسەر زۆر شتی دیکەش بە هەمان شێوەیە لە وڵاتدا، زۆریان حەز لە ناوبانگ دەکەن، یەکێك لە سەرکردە سەلەفییەکان بە شانازییە باس لەوە دەکات کە قسەی بە نەجیب مەحفوز وتووە و کەمی کردووە، ئاسانترین شت بۆ ئەوان تاکو ناوبانگی پێ دەر بکەن، مامەڵە کردنیانە لەگەڵ هونەر و داهێنان.

**گوڵان:** زۆر گرنگی بە ئافرەت دەدەی، پاڵنەرەکانت چی بوون؟

**ئەحمەد ئەلشەهاوی:** من کەسێکم زۆر بایەخ بە ئافرەت دەدەم بەحوکمی ئەوەی لە تەمەنی ٤ ساڵیدا بێ دایك بووم، بۆیە حەزم دەکردئەم بوونەوەرە سەیر و سەرسوڕهێنەرەی کە لەگەڵی نەژیام بیناسم، بۆیە هەرچیم نووسیوە پێشکەشم کردووە بە نەوال عیسای دایکم، بۆم دەرکەوت کە پیاو نازانێت چۆن خۆشەویستی بکات، بە هەمان شێوە ئافرەتیش، خۆشەویستی لێرە بە مانای عیشق و خۆشەویستی جەستەیی بە مانا گشتییەکەی، هەمیشە دڵێم ئەوانەی لەسەر عەشقی عەرەبییان نووسیوە ئەوانە ئیمام و زانای ئایینی و دادوەرە شەرعیەکان و خاوەن مەزهەبەکان بوون، ئیمام جەلالەدینی ئەلئەسیوتی ٢٣ کتێبی لەسەر عەشق پێشکەش کردووە کە ڕەنگە نەتوانین لێرە ناونیشانەکانیان بڵێین، هەروەها سیوتی کتێبێکی گرنگ و بەسوودی هەیە دەربارەی ناز کردنی ئافرەتان لە کاتی جووتبووندا، توێژینەوەیەکم نووسیوە کە بەم زووانە بڵاو دەبێتەوە دەربارەی ئەزموونم لەگەڵ عیشق لەگەڵ ئەو حەفتالاپەڕەی ئیمامی بوخاری بۆ ئەوەی موسڵمانان دیوی دەرەوی خۆیان بناسن، ئایا موسڵمانان شەرم لە قسەی ئیمامەکانیان دەکەن لەو بوارەوە، هیندستان یەك کتێبی دەربارەی عیشق پێشکەش کردووە بەناوی (کۆماسوترا)، هەروەها چین کتێبێکی هەیە بەناوی هونەری (تاو) کە باس لە زۆر شت دەکات لەوانەش عیشق، بەڵام موسڵمانان زیاتر لە ١٠٠ کتێبیان هەیە جگە لە کتێبەکانی تر کە لقی عیشقی تێدایە، ئیمام بن حەزم بیرۆکەی عیشقی لەلای ئەوروپییەکان گۆڕی کە تا ئەو کات پێوەندی نێوان دوو جەستە و دوو ڕۆحیان نەدەزانی و تەنیا جەختیان لەسەر خۆشەویستی جەستە دەکردەوە.

**گوڵان:** چی لە کۆمەڵگایەك چاوەڕێ دەکەی کە ڕۆڵەکانی لە قوتابخانە زمانی ئینگلیزی دەخوێنن و زمانی عەرەبی بە باشی نازانن، ئایا چێژ لە شیعر و ئەدەب وەردەگرن؟

**ئەحمەد ئەلشەهاوی:** گرفتەکە ئەوەی کە میدیاکان لە وڵاتی ئێمەدا ناتوانن خزمەت بە وەرگرەکانیان بگەیەنن و بەهرەداران لە خۆ بگرن و پێشکەشیان بکەن، بەڕێوەبردنێکی تەندروست نییە و ڕۆشنبیرە وشیارەکانیش وازیان لە ڕۆڵی خۆیان هێناوە و گەندەڵییەکی زۆر هەیە و کەسی نەشیاو پلەی بەرزی وەرگرتووە، دامەزراوە و



پارەی زۆرمان هەیە، بەڵام بەڕێوەبردنێکی تەندروست نییە بۆ سەرچاوەکان و ئەوانەی پرۆگرامی خوێندن دادەنێن زۆر لە دەقەکان ئەدەبییە بەرزەکان دەسڕنەوە و دەقی خۆیان دادەنێن سەرەڕای بێ بەهرەییان و بەرەو دواوە گەڕانەوە هەیە لە هەموو ئاستەکاندا، بەڵام سەرەڕای ئەمەش من گەشبینم کە نەوەکانی داهاتوو گۆڕانکارییەکی ڕاستەقینە ئەنجام دەدەن لەسایەی ئەم کەشە ئیجابییەی کە شۆڕشی میسر فەراهەمی کردووە.


**گوڵان:** بۆ زۆر كەس وەك سوپرایسێك بوو كە بەم دواییە رووت لە هونەری شێوەكاری كرد و پیشانگایەكت بۆ بەرهەمەكانت كردەوە؟

**ئەحمەد ئەلشەهاوی:** جیهان گەڕاوم و سەردانی زۆر پیشانگای هونەری شێوەكاریم كردووە و پێموانییە كە شاعیرێك هەبێت بە هەر زمانێك بێت پشت بە شێوەكاری زمانەوانی نەبەستێت، چونكە وێنەی شیعری بریتییە لە شێوەكارییەكی زمانەوانی، هەروەها لە پیشەی رۆژنامەنووسی زۆر سوودم لە تەجروبەی لابردن و تێكەڵكردنی وشەكان بینی، شێوەكاری لوتكەی نووسینە و ماوەیەكی پێ بەخشیم بۆ مامەڵە كردن لەگەڵ زمان بە چڕی و بە دەستپێوەگرتن و ریشەكێش كردنی ئەو بەشە زیادانەی كە گرنگیان نییە، چونكە هونەر پێویستی بە شرۆڤە كردن نییە، بەڵای شیعری عەرەبی ئەوەیە شرۆڤە دەكات و وەرگر بە جاهل دەزانێت كە لە ئاماژە و رەمزەكان ناگات و پێویستە بەردەوام بۆی شرۆڤە بكرێن، لەواقعدا شیعر دژی تەفسیر و شرۆڤە كردنە، ئەزموونی هونەری شێوەكاری بە نیسبەت منەوە تەواوكەری نووسینە، من هونەرمەندێكی شێوەكار نیم، بەڵام زۆر لە ئەدیبە جیهانییەكان زیاتر لە بەهرەكەیان تێدا كۆدەبێتەوە، گۆنتر گراس لە ئەساسدا هونەرمەندێكی شێوەكاری و فۆتۆگرافەر و وێنەكێش و پەیكەرتاشە لە هەمان كاتدا شاعیرێكی گرنگیشە، ئێمە تەنیا ئەوەی دەربارە دەزانین كە رۆماننووسە، هەروەها ماركێز ئەدیب و رۆژنامەنووسە، لە فەرهەنگی ئێمە زاناكانمان زیاتر لە پسپۆرییەكیان هەبوو و هەندێكیان نازناوی (فەقێ)یان هەبوو كە هیوادارم من وەك ئەوان بم.

**گوڵان:** كاركردن لە بواری رۆژنامەنووسی داهێنانی شیعری پەك دەخات؟

**ئەحمەد ئەلشەهاوی:** هەندێك كەس سوود لە كار كردن لە بواری رۆژنامەنووسی دەبینن، لە هەمان كاتدا توانای زۆر كەسیش لەناو دەبات و سەڵاح عەبدولسەبور و ئەحمەد حجازی لەمە رزگاریان بوو، بەڵام زۆریشیان كەوتنە داوی كاركردنیان لە بواری رۆژنامەنووسییەوە، ئەركی شاعیر نووسینی وتار نییە، چونكە رەنگە یەك دەق كاریگەری لە هەزار وتار زیاتر بێت، هەروەها رۆژنامەنووسی بە ئەستێرە بوون و ناوبانگی كاتیە، كەچی شیعر هەر دەمینێتەوە.

**گوڵان:** چ جۆرە بیركردنەوەیەك هەبوو كە تۆ لە شیعرەوە روو لە رۆماننووسی بكەی كە جۆرێك لە بەهرەی رۆماننووسین لای تۆ بەدی دەكرێت، ئایا پێوەندیت لەگەڵ هاوسەرەكەت رۆماننووسی ناودار میرال تەحاوی ئەمە پەك دەخات؟




**ئەحمەد ئەلشەهاوی:** بیرۆكەی چەند كارێكی رۆماننووسینم لەلا گەڵاڵە بووە، چەند ساڵێكە بیر لە نووسینی رۆمانێك دەكەمەوە كە پێوەندی بە ژیانی خۆمەوە هەبێت، بە حوكمی سەركەوتنم لە شیعردا ترسی ئەوەم هەیە لە بواری رۆماننووسینیشدا سەربكەوم، بەتایبەتی لەژێر سایەی پێوەندیم بە رۆماننووسێكی سەركەوتووە.